# ڕێبەری ODIHR
# بۆ
# چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان

سەرچاوەی کتێب : ئۆفیسی دەزگا دیموکراتییەکان و
مافەکانی مرۆڤ لەڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی
OSCE -ODIHR

وەرگێڕ : شێرکۆ جەودەت

ناوی کتێب : ڕێبەری ODIHR بۆ
چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان
سەرچاوەی کتێب : ئۆفیسی دەزگا دیموکراتیەکان و
مافەکانی مرۆڤ لەڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی
OSCE -ODIHR
وەرگێڕ : شێرکۆ جەودەت
ژمارەی سپاردن :
چاپی یەکەمی کوردی – سلێمانی
تیراژ : ٥٠٠ دانە
چاپخانە : ڕەنج
مافی لەچاپدانەوە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ
( پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن -KIE)

# ئەم كتێبە بۆ ؟

ئاشكرایە تا ئەمڕۆ لەئەرشیفی سیاسی دنیادا هەڵبژاردن بەتاكە ئامرازێكی شیاو دادەنرێت بۆ مومارەسەكردنو جێگۆڕكێی دەسەڵات. بەو پێیەی گەلی عێراق بەسەرجەم نەتەوەكانییەوە لەژێر كەلتورێكی سیاسی فەردیی دیكتاتۆردا ژیاوە، سەیر نییە كەپرۆسەی هەڵبژاردن لەژیانی سیاسیدا چەمكێكی نامۆبێت .

هەرێمی كوردستان دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١و رزگاربوونی لەژێر دەسەڵاتی رژێمی دیكتاتۆری عێراق كەوتە پیادەكردنی ماناكانی ئازادی و هەڵبژاردن وەك میكانزمێك بۆ وەرگرتنو گۆڕینەوەی دەسەڵات .

بۆ یەكەم جار لەساڵی ١٩٩٢ دا دانیشتوانی هەرێمی كوردستان سندوقەكانی دەنگدانیان سەرپشك كرد بۆ دیاریكردنی كورسییەكانی پەرلەمان، ئەگەر شەڕە ناوخۆییە یەكلەدواییەكەكان نەبوایە چەمكی هەڵبژاردن زیاتر بەرجەستە دەبوو .سەرەڕای گرنگی چەمكی هەڵبژاردنو كاریگەریی لەژیانی سیاسیو ئابووریو كەلتوری كۆمەڵدا گرنگی پێویستی پێنەدراوە، (پەیمانگای كوردی بۆ هەڵبژاردن – K.I.E) وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو پێویستییە دامەزرێندرا.

پەیمانگا وەك رێكخراوێكی كوردستانی سەربەخۆ بەدەر لەئایدۆلۆژیای سیاسیانە كاردەكات بۆ گرنگیدانبەچەمكی هەڵبژاردن وەك یەكێك لەبنەما سەرەكیەكانی كۆمەڵگەی دیموكرات .

بلاوكردنەوەی رۆشنیری هەڵبژاردن لەرێگەی بلاوكردنەوەی زنجیرەیەك لەسەرچاوە نێودەوڵەتییەكانی تایبەتبە هەڵبژاردن یەكێكە لەهەنگاوەكانی K.I.E بۆ بەباتەكردنی هەڵبژاردن لەهەرێمەكەمانو لەسەرجەم ولاتی عێراقدا. ئەم كتێبەش یەكێكە لەو زنجیرە سەرچاوەیە .

ئەم كتێبە لەلایەن ئۆفیسی دەزگا دیموكراتیەكانو مافەكانی مرۆڤی رێكخراوی ئاسایشو هاوكاری ئەورووپی بلاوكراوەتەوە، K.I.E لەئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەتەسەر زمانی كوردیو عەرەبی .

K.I.E سوپاسی رێكخراوی N.E.D ئەمەریكی دەكات كەبودجەی بەچاپ گەیاندنی ئەم زنجیرە كتێبەی دابینكرد.

**پارێزەر: ئامینە مەحمود**

**بەرێوەبەری** K.I.E

## - پێشەکی -

سیستمی دیموکراسی، کەپێشتر تەنها چەند دەوڵەتێکی دیاریکراوی گرتبۆوە، ئێستا بۆتە دیاردەیەکی سەردەم، بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیەش زیاتر لەوشیاربوونەوەی خەڵکەکەوەدێت، کەتابێ مافەکانی خۆیانیان بەلاوە ئاشکراتر دەبێ. ئەویش گوشارێکی ناوخۆیی وای لێدەکەوێتەوە بەو ئاقارەیدا بەرێت، ئەمە جگە لەپێداویستییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەگەیشتۆتە رادەیەکی وا سەروەری نیشتمان بەمافێکی پیرۆزی وا دانەنرێ، دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵاتێك، کەچەند مافی هاوڵاتییەکانی خۆی پێشێلکات، وەرنەدرێ.

جا چونکە دێموکراسی بەواتای دەسەڵاتی گەلدێ، لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکە، یاسادانان، جێبەجێکردن‌و دەسەڵاتی دادوەری، پێکدێ، پەڕلەمانیش لەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل نەبێ شتێکی دی نییە، حکومەتیش لەپەڕلەمانە هەڵبژێردراوەکەو، تەنانەت دادوەرانی دادگاکانیش لەچەند دەوڵەتێکدا لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دادەنرێن، بۆیە خەڵکی لەژیانی خۆیاندا پەی بەگرنگێتی هەڵبژاردن دەبەن، بەم شێوەیە دێموکراسی‌و هەڵبژاردن جوتێکی پێوەست بەیەکن‌و دێموکراسی بێ هەڵبژاردنێکی ئازادانە ناکەوێتە سەر راستەڕێی خۆی، یەکەمیان شێوازی حوکمەو دووەمیشیان رێگەیەکە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکە. هەڵبژاردنی ئوسولێش بەیاسایەکی تایبەت رێکدەخرێ‌و ئەمجۆرە یاسایەش رەوایەتی خۆی لەدوو سەرچاوەی بنەڕتییەوە بەدەستدێنێ" یەکەمیان کەلەلایەن پەڕلەمانێکی هەڵبژێردراوەوە دەرچووبێ‌و دووەمیشیان لەگەڵ دەستووری وڵاتەکەدا، کەدەستوورێکی هاوچەرخی وابێت، بێ جیاوازی ئازادی گشتی بۆسەرجەم هاوڵاتییەکانی دەستەبەر بکات‌و جۆری سیستمی حوکم بەسیستمێکی دێموکراسی پەڕلەمانی دیاریبکات، بگونجێ.

چاودێریکردنی هەڵبژاردن بەیەکێك لەگرنگترین کاری جێبەجێکردنی دیموکراسی دادەنرێ، چونکە کاریگەرییەکی زیاتری لەوەرگێڕانی دەقە وشکەکاندا بۆ راستییەکی هەستپێکراو هەیە، بەهۆی ئەم چاودیرێکردنەشەوە لەبوونی دەستپاکی‌و خاوێنی‌و روونی‌و ئازادی‌و نهێنێتی هەڵبژاردنەکە دڵنیادەبین.

بوونی چاودێران، بەتایبەتی گەر نوێنەرایەتی لایەنانێك بن کەرێوشوێنی دیاری خۆیان هەبێت، وەك دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان یان رێکخراوە ناوچەییە بەهێزەکان یان رێکخراوە نا حکومییە ناسراوەکان،

دەستدرێژیو پێشێلکاری کەم دەکاتەوەو بڕواش بەڕەوایی هەڵبژاردنەکە دەداتو ئەوساش دەنگدەران زیاتر بەپیر هەڵبژاردنەکەوە دەچن.

لەڕۆژانی هەڵبژاردندا بوونی چاودێران بەبەرچاوی خەڵکییەوە، لەکاتێکدا پشتگیریی دەنگدەرانە لەهەمانکاتیشدا یاردەدەری چاودێرانیشە بۆ بەوردی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، چونکە بێگومان ژمارەیەکی بەرچاو لەدەنگدەران پێوەندییان پێوەدەکەن تا لەو کەموکورتیانەی کەڕەنگە ئەوان لێیان بێئاگابن ورپاکەنەوە.

گرنگی کتێبی رێنمایی چاودێریکردنی هەڵبژاردن، بەوەی کەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیارییەکانی وریاکردنەوەی هاوڵاتیانە، هەموو لایەنەکانی هەڵبژاردنیان پێدەناسێنێ بەو ئامانجەی کەچاو بۆ پێشێلکارییەکان بگێڕنو ئەو کەموکورتیانەی کەبە ئامادەکردنی لیستی ناوی دەنگدەرانو ژمارەی بنکەی دەنگدانو چۆنێتی دەنگدانو کاری ژماردنی وردبینییەکانی دەنگدانو راگەیاندنی ئەنجامەکانو رێگەی ناقایلیێتیو ئیستیناف کردنەوە، بەندە، سەرچاوە دەگرێ.

دەرکردنی کتێببەکە لەلایەن رێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمیانەی بەهێزی وەك رێکخراوی ئاسایشو هاریکاری ئەوروپا کەبایەخ بەدیموکراسیو مافی مرۆڤ دەدات گرنگییەکی نائاسایی هەیە، چونکە لەم رووەوە رەچاوی بەنرخترین پێوەری دەوڵەتیانە کراوە.

لەم وەرچەرخانە مێژووییەی کەهەرێمی کوردستان بەتایبەتیو عێراق بەگشتی پێیدا گوزەردەکات، وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردیو عەرەبی بەهەوڵێکی باشو خزمەتێکی گەورەی وا دادەنرێت کەپەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن شایانی سوپاسکردن بێت.

**پارێزەر: سەفوەت رەشید**

## رێبەری ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان

**چاپی چوارەم : نیسانی ١٩٩٩**

**ئۆفیسی دەزگا دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ**
OSCE - ODIHR

**ناونیشانەکان:- پێرستی ناوەڕۆکی کتێبەکە**

- **پێشەکی:**
- **بەرنامەی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنە درێژخایەنەکان.**
- **هاوکاری نێوان ODIHR و لایەنە نێو دەوڵەتیەکانی تر**

١. **پرەنسیپە گشتییەکان.**
٢. **ئەرکەکانی OSCE.**
٣. **مەرجەکانی ODIHR بۆ چاودێریکردنێکی چالاك بۆ هەڵبژاردنەکان.**
٤. **بەرنامەی هەڵسوکەوتی چاودێر چاودێر.**
٥. **کۆمسیۆنی یارمەتییە پێویستەکان.**
٦. **ڕێکخەری تایبەتی OSCE**
٧. **سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردن.**

**٨-١-جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردن.**
**٨-٢- بەڕێوەبردن و فەرمانبەری کارگێڕی.**
**٨-٣- ئەندامە سەرەکیەکانی تر.**

٨. **قۆناغی پێش هەڵبژاردنە درێژخایەنەکان .**

**٩-١- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن:**

أ. بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی نیشتمانی:
پێکهاتن، سەرچاوە مرۆییەکان، ڕاهێنان، سەرچاوە مادییەکان.
ب .دەنگدەرو پەروەردەی مەدەنی.
ج. ناسینی دەنگدەران و تۆمارکردنیان.
د. ناونوسی پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان.
د. سنورەکانی هەڵبژاردن.
ه. نهێنی بوونی دەنگدان و ڕێکخستنی پرۆسەی دەنگدان.
ڕێنمایە تایبەتییەکانی دەنگدان .
ز.پرۆسەی جیاکردنەوەو پۆلێنکردن و وردبینی.
ح. سکاڵاکردن و میکانیزمی پێداچونەوە.
٩-٢- هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:
أ- سەرچاوەی دارایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.
ب- ڕاگەیاندن .
ت- هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئاسایش.
٩. قۆناغەکانی هەڵبژاردن: چاودێری درێژخایەن و کورت خایەن.
١٠-١- ڕۆژانی ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.
أ- کورتەیەك.
ب- لیستی وردەکارییەکان.
ج- چاودێریکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن
١٠-٢- ڕۆژی هەڵبژاردن:
أ- بڵاوبوونەوە.
ب- چالاکییەکانی بنکەکانی دەنگدان.
ت- پرسیارەکانی بنکەکانی دەنگدان .
پ- چاودێریکردنی بنکەکانی دەنگدان.
ج- دەنگدانی سەربازەکان.
ح- دەنگدان لەنەخۆشخانەو بەندیخانەکان.
١٠-٣- ژماردن:
أ- چاودێریکردنی ژماردنی دەنگەکان.
ب- ئاستەکانی ژماردنی دەنگەکان.
١٠. قۆناغی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ: چاودێری درێژخایەن و کورت خایەن:
١١-١- کورتەیەك و نوسینی ڕاپۆرت.
١١-٢-قۆناغی ئامادەکاری هەڵبژاردنی بەریدی.
١٢.قۆناغی هەڵبژاردنی : چاودێری درێژخایەن و کورتخایەن:
١٢-١- وردەکاری و ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی.
١٢-٢- پرۆسەی سکاڵاکردن و بەدواداچوون.
١٢-٣- کۆتایی هێنان بەکاری هەڵبژاردن.
١٢-٣-١- چاودێری فراوان.
١٢-٤- ڕاپۆرتی کۆتایی.
١٢-٥- ئەرشیفی کاری ODIHR.
١٣.هاوکارییە گشتییەکان.

**١٤. هاوكارەكانی ODIHR بۆ دەنگدانی بەریدی بۆ جێبەجێكردنیڕاسپاردەكان.**

**١٥. پاشكۆكان:**

**پاشكۆی أ. راپۆرتی كۆبونەوەی كوبنهاگن لەكۆنگرەی بەها مرۆڤایەتیەكانی CSCE لە(٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٩٠)**

**پاشكۆی ب : نمونەی لیستی وردەكاریەكانی رۆژی هەڵبژاردن.**

## ١/ پێشەكی: -

***لەم ساڵانەی دواییدا چاودێری هەڵبژاردن وەك ئەركێك بۆ پشتگیریكردنی گۆرانكارییە دیموكراتیو مافە گشتیەكانی مرۆڤ هاتەكایەوە.***

**فراوانبوونی هەوڵەكانی چاودێریكردنی هەڵبژاردنەكان پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەرەوتی گشتی بەرەو دیموكراتی بون. سەرپەرشتیو بەرێوەبەردنی پرۆسەكان ببە شێوازێكی پاكو دروستو بەپێی یاسا یەكێكە لەپرەنسیپەكانی كۆمەڵگەی دیموكراتی.**

**مافی بەشداریكردنی سیاسی نەك تەنها بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئێستا پێویستە بەڵكو بۆ پەیرەویكردنی بنەماكانی تری مافەكانی مرۆڤیش هەر پێویستە، وەك ئازادی رادەربڕینو پێكهێنانی بزوتنەوەو كۆمەڵەو رێكخراوە ئاشتیخوازەكان.**

**بۆیە چاودێریكردنی هەڵبژاردن زیاترە لەتەنها كارێكی تەكنیكی چونكە دەتوانێت**

کەبەشداری لەبڵاوکردنەوەو بەرگری کردن لەمافە گشتیەکانی مرۆڤ بکات.

هەڵبژاردن وەك كەرنەڤاڵێك وایە بۆ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤو چاودێریکردنیان، چونکە ڕێدەگرێت لەپێشێلکردنی ئەو مافانەی مرۆڤ کەپەیوەستن بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە. لەرێی ئامادەبونی دیاریی چاودێرەکان بۆ ئەنجامدانی وردەکاری تەواو لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا.

هەروەکو چۆن ئەنجامدانی ناردنی چاودێرانی هەڵبژاردنەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکە بەخێرایی گەشەی کردووە لەناوچەکانی OSCE دا، بەهەمان شێوەش پێویستی بەدامەزراندنی هەیکەلێکی زیاتر ODIHR هەیە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان.

لە کتێبی ( ئۆفیسی دەزگا دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ – ODIHR ) دا بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان باس لەو شتانە کراوە کەپێویستن بۆ کورتکردنەوەی ڕێگا گشتییەکانی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنو بەرەو زیادکردنی چەند سەرچاوەیەکی پراکتیکی بۆ بەرێوەبردنو سەروکاریکردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان .

**١- دەسەڵاتدان بە ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنی درێژخایەن:**

وەك ئەنجامێك بۆ کۆنگرەی باڵای بۆدابست لەدیسەمبەری ١٩٩٤ دا بەرنامەی ODIHR بۆ گەیشتن بەچاودێری کردنی هەڵبژاردنی درێژخایەنو کورت خایەن زۆر فراوانترو گشتگیر تری لێهاتو بوە خاوەن ئامانجی زیاتر.

پشتگیریکردنی زیاتری ODIHR بۆ چاودێریکردنی درێژخایەن ئەنجامە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەوەی کەچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان. روداوی رۆژێك نییە.

ناکرێت تەنها لەسەر رۆژی چاودێری هەڵبژاردنەکە یارمەتی پێشکەش بەپرۆسەکە بکرێت. بۆیە ODIHR چالاکییەکانی فراوانتر کرد بۆ بەردەوام بوون لەسەر چاودێری درێژخایەنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەبری پابەندبوون بەچاودێریکردنی تەنها رۆژی هەڵبژاردنەکە.

ئـەم بەرنامەیــەش پێویســتی بەمانــەوەی چـاودێرەکان دەکـات بـۆ ماوەیـەکی زۆر لـەو وڵاتــەدا، بــۆ بــەئاگابوون لەقۆناغــەکانی پرۆسەکەو بەدیهێنانی دیموکراتیەت.

لـــەکاتی هەلســـەنگاندنی پرۆســـەی هەڵبژاردنەکە، دەبێـت چاودێرەکان لەتـەواوی قۆناغــەکانی پرۆســەکە ئاگــادارین، هــەر لـــەهۆکارەکانی راگەیاندنـــەوە تـــاوەکو ناونوسیو دەنگدانو پاڵێوراوو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنــەکان، پاشــان قۆنــاغی ژمــاردنی کۆتــایی دەنگــەکانو راگەیانــدنی گشــتی ئەنجامـــەکانو دامەزرانـــدنی رەســمـــی هەڵبژێرراوەکان.

دەرئەنجام دەکرێت جێبەجێکردنی پراکتیکی ئەرکەکانی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبـژاردن بکرێـت بەچـوار بەشـی گرنگـەوە: قۆنـاغی پـێش هەڵبـژاردن، رۆژی هەڵبـژاردن، قۆنـاغی هەڵبــژاردنی راســتەوخۆو قۆنــاغی هەڵژاردنی راستەوخۆی فراوان.

چاودێرانی پرۆسە درێژخایەنەکان بەئاگادەبن لەهەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکە، لەکاتێکدا چــاودێرانی پرۆســە کورتخایەنــەکان تــەنها لـەرۆژی هەڵبژاردنەکـەو قۆنـاغی هەڵبـژاردنی راستەوخۆ بەئاگادەبن.

ئامانجی چاودێری درێژ خایەن گەشەپێدانی شارەزایی قوڵی قۆناغە یەك لەدوا یەکەکانی پرۆســەی هەڵبژاردنەکەیــە. بــەڵام ئامــانجی چــاودێری کــورت خایــەن تــەنها ئەرکــە کلاسیکییەکانی چاودێری دەگرێتەوە. لەگەڵ ئامــادەبوونێکی فــراوان لــەو وڵاتــەدا بــۆ هەڵسەنگاندنی رۆژانی تایبەت بەهەڵمەتەکانی هەڵبــژاردنو رۆژی هەڵبــژاردنو چــۆنیەتی ژماردنی دەنگەکان.

لــە دوو تــوێی کتێبەکــەدا بەشــە تایبــەتیو جیاجیاکــان دیــاریکراون کــەباس لــەرۆڵی هەریـــەك لەچـــاودێری درێژخایـــەن (چ.د) (LTO)، چــاودێری کورتخایــەن ( د) (STO) دەکات .

سـوودە سـەرەتاییەکانی هـەردوو بۆچـونەکە فراوانکردنــی ئــەرکی چــاودێرەکانە لــەکاتی پرۆســـەی هەڵبژاردنەکـــەدا. چـــونکە رۆڵـــی بەرچــاوو تەواوکــەری هــەردوو بۆچــونەکە لەچاودێریکردندا دیاریدەکات.

**٢- هەماهەنگی نێوان ODIHR و لایەنە نێودەوڵەتییەکانی تر:**

وەکچۆن بواری چاودێریکردنی هەڵبژاردن گەشەی کردووە بەشێوەیەکی باش و بەرچاو دەرکەوتووە کەپێویستە لەسەر ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و ئەوانەی کەبەشداری دەکەن لەچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵ بدەن کەنامەی گونجاو بنێرن دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕەوتی هەڵبژاردنەکە لەهەمان کاتیشدا دەرکەوت کەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن کاری زیاتر ئەنجام بدەن ئەگەر بەیەکەوە کاربکەن بۆ بەدواداچونی ئەو پێشنیارو ڕاسپاردانەی کە لەچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکەوە دروستدەبن.

راگەیاندنی کۆنگرەی باڵای بۆدابست پێویستی زیاترکردنی هاوکاری و هەمئاهەنگی نێوان ODIHR و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی خستەروو لەسەر ئەم بۆچوونانە ڕێکەوتننامەی هاوکاری و هەمئاهەنگی نێوان کۆمسیۆنی پەرلەمانی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپی OSCE (OSCEPA)و (ODIHR ) لەسەپتەمبەری ١٩٩٧ دا. ورێنماییەکانی زیاتر کردنی هاوکاری و هەمەئاهەنگی دیاریکران لەنێوان کۆمسیۆنی پەرلەمانی OSCE (OSCE PA)و (ODIHR) لەم چەند بڕگانەدا:

– پێویستی ناردنی وەفدی هاوکاری و ناردنی توانا هاوبەشەکانی پێش بڵاوبوونەوەی تیمەکانی چاودێری.

– هەمئاهەنگی لەخولە کورت خایەنەکان سود وەرگرتن لەخولە فێرکارییەکان.

– پشتگیری لۆجستی بۆ چاودێریکردنی کورت خایەنی سەر بە(OSCE PA).

– هەماهەنگی کارکردن بۆ دوورکەوتنەوە لەدوو جەمسەری لەبواری کارەکەدا.

– ڕەنگە هەڵبژاردنی ڕێکخەری تایبەتی (OSCE ) باوەڕپێکراوبێت لەلایەن ( OSCE PA ) یەوەو سەرۆکی (OSCE) یەوە بۆ کارکردن لەگەڵ سەرۆکی کۆمسیۆنی (ODIHR) یەوە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن.

– تەسلیم کردن و کۆتایی هێنان بەقۆناغی سەرەتایی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەڕێی

ڕێکخەری تایبەتی OSCE و سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.

ڕاپۆرتی کۆتایی و پێکهاتنی تەواو لەسەر ڕاسپاردەکان و بەداوداچونیان.

**٢- پرەنسیپە گشتییەکان:**

ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەکۆبونەوەی گشتی ساڵی ١٩٤٨ دا ئەو ڕاگەیاندنە باسی لەرۆڵی گرنگی هەڵبژاردنی پاک و دروست کردووە لەزامن کردنی پرەنسیپ و مافە گشتییەکانی حکومەتە بەشداربوە دیموکراتیەکان، چونکە هەموو چاودێرانی هەڵبژاردنەکان بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی لەدایکبوون و بۆچونی سیاسییان کاردەکەن بەیەکەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان بەرامبەر بەڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، بەندی ٢١ :

١- هەموو کەسێك مافی بەشداربوونی هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا ڕاستەوخۆ بێ یان لەرێی هەڵبژاردنی ئازادەوە بێت بۆ نوێنەرەکانیان.

٢- هەموو کەسێك بۆی هەیە خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وڵاتی خۆی دەستکەوێت.

٣- دەبێت ویستی گەل ببێتە بنەمای دەسەڵاتی حکومەت لەرێی هەڵبژاردنێکی دەوری و ڕەسەنەوە کەدەنگدانێکی گشتگیرو دادپەروەری تێدا ئەنجامدەدرێت بەبەکارهێنانی دەنگدانی نهێنی و پرۆسەی هەڵبژاردنی دادپەروەرو ئازاد.

ڕۆڵی دیاری کراوی هەڵبژاردنی ئازادو دەوری و ڕەسەن لەزامنکردنی ڕێزگرتن لەمافە سیاسییەکان، لەرێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ڕێکەوتننامەی ئەورووپی بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ دانی پیانراوە.

**٣- ئەرکەکانی OSCE: ( ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپیی )**

لە کۆنگرەی لایەنە مرۆڤایەتییەکانی ساڵی (١٩٩٠) لەکۆبنهاگن (کۆبونەوەی دووەم، ڕێکەوتننامەیەك ئیمزا کرا لەسەر

ڕێنماییەکانی OSCEو ڕۆڵی سەرەکی هەڵبژاردنی تێدا دووپاتکرایەوە بۆ پاراستنی مافی هاوڵاتیان لەبەشداریکردنی حکومەتی وڵاتەکەیانو دەبێت چاودێرەکان بگونجێن لەگەڵ ئەو ڕێنماییانەی هەڵبژاردن کەپەیوەندیدارن بە(OSCE) یەوە (تەماشای پاشکۆی أ بکە).

هەروەها لەبەڵگەنامەی کۆبنهاگندا هاتووە کەئامادەبوونی چاودێرانی خۆماڵیو پیلانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە تێروپڕدەکات. بەم پێیە ڕەزامەندی لەسەر چاودێرانی هەڵبژارنەکان کرا وەک هاوکارییەکی چالاکو ئاسان بۆ جێبەجێ کردن لەنێوان وڵاتانی ئەندام لەOSCE بۆ گەشەپێدانو بەهێزکردنی حکومەتی دیموکراتی

وەک دەردەکەوێ وڵاتانی ئەندام بانگهێشتی چاودێران دەکەن لەوڵاتانی تری ئەندام لە(OSCE) یەوە بۆ چاودێریکردنی ڕەوتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە. چونکە داوا لەو چاودێرانە دەکرێت کەئاستی پابەندبوونی هەڵبژاردنەکە بەڕێنماییەکانی OSCE یەوە هەڵبسەنگێنن.

دەبێت ڕێنماییەکانی OSCE بەتەواوەتی لەچوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردندا بەدی بکرێن کەدەستورو بڕیارە یاساییەکانی تێدایە (یاسای هەڵبژاردن، یاسای حیزبە سیاسییەکان، یاسای ڕاگەیاندن، یاسای تاوانەکان، ڕۆڵی ئەو کارانەی ئەنجام دەدرێن.

ڕێنماییەکانی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن تێکدەچن ئەگەر ڕێنماییەکانی OSCE لەیاساو سیستمی حکومیدا بەدی نەکرێن.

دەبێت ڕەشنووسی چوارچێوەی یاسایی بەکراوەییو بەپاکی دابنرێت بەمەبەستی زامنکردنی ئاسایشوئارامی لەنێوان لایەنە سیاسیو پاڵێوراوو دەنگدەرەکاندا.

ڕەنگە ئەو گۆرانکارییە گرنگانەی لەچوارچێوەی یاساداو پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بەماوەیەکی کەم ڕوودەدەنو دوبارە دەبنەوە کەشو هەوایەکی تایبەت درووست بکەن بەکێشمەکێشی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەڵبژاردنەکە.

دەکرێت ڕێنماییەکانی OSCE لەحەوت دەستەواژەی سەرەکیدا کۆبکرێنەوە ئەوانیش

(گشتگیری، یەکسانی، پاکی، نهێنی، ئازادی، دروستی، لێپرسینەوە).

پرەنسیپی ( گشتگیری ) زامنکردنی گەیشتن بەچەند ڕێنماییەکی ناونووسی چالاكو بێ لایەنو دادپەروەر دەکات بۆ هەموو دەنگدەرو پاڵێوراوێك بەهەمان شێوە، لەگەڵ پێدانی مافی دەنگدان بەوانەی دەگەنە تەمەنی یاسایی بۆ دەنگدان.

پرەنسیپی (یەکسانیش) باس لەپێدانی هەمان گرنگی دەکات بەهەموو دەنگەکانی هەڵبژاردن بەمەبەستی زامنکردنی ناونووسی دادپەروەرانە.

بە پێی یاسای هەڵبژاردنەکان دەبێت ڕێژەی هەڵبژێرراوەکان نەگاتە زیاتر لە١٠٪ ی ڕێژەی دەنگدەرەکان. دوورنییە ئەم ڕێژەیەش بگۆردرێت لەسیستمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەییدا بەڵام دەبێت ژمارەی نوێنەرانی لقەکان لەگەڵ ڕێژەی هەڵبژێرراوەکاندا یەك بگرنەوە.

دەبێت دەنگدەران بتوانن بگەنە بنکەکانی دەنگ بەیەکسانی واتا هەوڵبدرێت بنکەی دەنگدانەکە لەسەنتەری سنوری هەڵبژاردنی ئەو بنکەیەدا بێت.

پرەنسیپی (پاکی) دادپەروەری دەگەیەنێت لەبەشداریکردنی دەنگدەرەکان، کەپێویستە هەموو دەنگدەرێك زانیاری تەواوی لەسەر ڕووداوەکانی هەڵبژاردنەکە هەبێتو نوێنەرایەتییان زامن بکرێت.

دەکرێت پرەنسیپی (نهێنی) لەدەنگداندا زامنبکرێت بەوەی کەدەنگدەرەکە بەتەنها دەنگبداتو بەهیچ شێوەیەك پسوولەی دەنگدانەکەی نەبینرێت بەپڕکراوەیی پێش فرێدانی بۆ سندوقی هەڵبژاردنەکە. پرەنسیپی (ئازادی) زامنی توانای ئەو هاوڵاتییە دەکات بۆ دەنگدان بەئازادی لەچوارچێوەی مافی هاوڵاتییان بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیانو ئازادیی ڕێکخراوەیی لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا.

پرەنسیپی (دروستی) ئەوە دەگەیەنێت کەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەژێر سایەی یاسادا بەشێوەیەکی دیار جێبەجێ بکرێتو پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان لەبەرچاوی چاودێرەکاندا بەڕوونیو ئاشکراییو وردیی ئەنجام بدرێت لەئاستی بنکەکانی دەنگدانەوە لەسەرەتایی ترین ئاستی کارگێرییەوە تاوەکو دەسەڵاتی نیشتمانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

دەبێت پرۆسەی ژماردنی دەنگەکانیش ئەنجامی راستەقینەی هەڵبژێراوەکان بەشێوەیەکی رەسمی دیاری بکات.

**٤- مەرجەکانی ODIHR بۆ چاودێریکردنێکی چالاك بۆ هەڵبژاردنەکان:-**

بەپێی ئەو متمانەیەی بەODIHR دراوە بۆ چاوێریکردنی هەڵبژاردنە درێژخایەنەکان, یەکێك لەو ئەرکانەی دەکەونە سەر وڵاتانی ئەندام ئاگادار کردنەوەی ODIHR ە پێش سێ مانگ بەلای کەمەوە لەدەست پێ کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی ئەو وڵاتەو بەپێچەوانەوە ODIHR بەرپرسیار نابێت لەچاودێری وردو وبەسوودی پرۆسەکە .

ODIHR لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا یە کەباس لەوە دەکەن تەنها ئامادە بوونی چاودێرەکان شەرعییەتی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن زیاتر دەکات .

بەرنامەی چاودێرەکان و ئەنجامە کۆتاییەکان پێکهاتەی بنەماکانی هەر بیرو بۆچوونێکی سەربە هەڵبژاردنەکە دیاریدەکات .

بەمەبەستی دابینکردنی ئەم هاوکارییانە , ODIHR چاوەڕوانی ئەو گرەنتییە نێو دەوڵەتییانە دەکات لەوڵاتە خاوەن میوانەکانەوە بەپێی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی لەسەری پێکهاتوون و ئەوانەی کەدەبێت کۆمیسیۆنی چاودێری هەڵبژاردنەکە جێبەجێیان بکات. ئەوانیش بریتین لە:-

- هاوکاریکردنی ژمارەی پێویست لەو چاودێرانەی کەپێویستن بۆ ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی چاودێریکردنەکە بەبێ دروستکردنی هیچ کێشەیەك بۆ وڵاتی پەیوەندیدار .
- بەدەستهێنانی متمانە لەرێگەی چەند رێنماییەکی سادەو بێ لایەنەوە .
- وەرگرتنی زانیاری پەیوەندیدار بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە .
- کۆبوونەوە لەگەڵ گشت نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسیی و پاڵێوراوە هەڵبژێراوەکاندا بەبێ دیاریکردنی کات و کەسەکان لەپێش وەخت دا.
- بە دەست هێنانی مۆڵەتی سەفەرکردن لەناوچەکانی دەوڵەت دا لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو رۆژی هەڵبژاردنەکە.

– دەستکەوتنی هۆکارەکانی گەیشتن بەبنکەکانی دەنگدانو ژماردنی دەنگەکان لەولاٌتەکەدا .

– بەدەستهێنانی دەسەلاٌتی بلاٌوکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان.

**٥ – بەرنامەی هەلٌسوکەوتی چاودێر :-**

– ئەم لیستەی لای خوارەوە بریتییە لەو پرنسیپو یاسا گشتییانەی کەدەبێت چاودێرەکان پابەند بن پێیانەوە :–

– دەبێت چاودێرەکان پارێزەری دادپەروەری تەواو بن لەجیٚبەجیٚ کردنی ئەرکەکانیاندا بەرامبەر بەدەسەلاٌتەکان، حیزبو پالٌێوراوەکان بەگەرانەوە بۆ بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بەپرۆسەی هەلٌبژاردنەکە.

– چاودێرەکان دەست دەکەن بەئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەبیٚ خۆهەلٌقورتاندنو پەك خستنی پرۆسەی هەلٌبژاردنەکە وڕێنماییەکانی دەنگدان ,و ژماردنی دەنگەکان .

– چاودێرەکان پێناسەی حکومەتی پەیوەندیدار یان لیژنەی هەلٌبژاردن هەلٌدەگرنو لەکاتی پێویست دا خۆیان بەلایەنەکان دەناسێنن .

– دەبێت چاودێرەکان چەند رەنگو ئالآیەکی تایبەت هەلٌگرن .

– رەنگە چاودێرەکان پێیان باشبێت سەرنجی لایەنە رەسمییە ناوخۆییەکان رابکێشن بۆ هەلٌبژاردنەکە, بەلاّم نابێت فەرمان دەرکەن سەبارەت بەبڕیارە رەسمییەکانی هەلٌبژاردنەکە .

– دەبێت چاودێرەکان راپۆرتی کۆتایی خۆیان لەسەر بنەمای چەند بەلٌگەیەکی واقعیو ورد دابڕێژن ,و هەلٌدەستن بەپڕکردنەوەی فۆرمێکی ئاماری بۆ ئەو بنکانەی هەلٌبژاردن کەسەردانیان دەکەن .

– دەبێت چاودێرەکان خۆیان بگرن لەپێدانی هەر تێبینیەکی تایبەتی لەپێش کاتی خۆی دا لەسەر چاودێریکردنەکەیان، بۆ هەرلایەنێکی راگەیاندنو لێدوانەکانیان لەسەر زانیارییە گشتییەکانی سروشتی چالاکییە سنووردارەکانیان بدەن وەك چاودێر.

– دەبێت چاودێرەکان بەشداری بکەن لەپەیوەندی کردنی راستەوخۆدا لەرێگەی فاکس و تەلەفۆنەوە گەر پێویستی کرد .
– دەبێت چاودێرەکان پەیوەست بن بەگشت یاسا نیشتمانی و سەربازییەکانەوە.

**٦-کۆمیسیونی یارمەتییە پێویستەکان :-**

بە مەبەستی ئامادە باشی بۆ چاودێریکردنێکی درێژ خایەن چەندین کۆمەك و هاوکاری پێویست دەگەنە جێ پێش چەند مانگێك لەدەست پێکردنی هەڵبژاردنەکەو بەرێوە بردنی ئەم هاوکارییانە لەلایەن سەرپەرشتیاری ODIHR بۆ هەڵبژاردنە کەبەرێوە دەچێت بەئامادە بوونی سەرۆکی کۆمیسیۆنی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان وجێگری و کارگێرەکان ,لەگەڵ نوێنەری OSCE PA کەلەوانەیە لەهەندێك لەلیژنەکاندا بەشداربێت .

ئامانجی سەرەکی کۆمیسیونی هاوکاری یە پێویستەکان دڵنیابوونە لەپابەند بوونی چوارچێوەی یاسایی حکومی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەرێنماییەکانی OSCE وە .

هەر چاودێرییەکی پێشووی هەڵبژاردن لەلایەن ODIHR ەوە یان هەر راپۆرتێکی OSCE PA لەسەر ولاتی پەیوەندیدار رۆڵی خۆی دەبێت ,کە ئایا ئەو گۆرانکارییە بەسوودانەی تێدایە کەلە راسپاردەکاندا هەیە ؟, وەهەندێك لەو لیژنانە هاوکاری یەکانیان زیاتر دەکەن بەدرێژایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

**٧-رێکخەری تایبەتی OSCE :-**

رەنگە سەرۆکی رەسمی OSCE کەسێکی سیاسی دابنێت وەك رێکخەرێکی تایبەتی بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆمیسیونی OSCEبۆ چاودێری کورت خایەن
دیارە کەئەو کەسە سیاسییە دەبێت بەسەرۆکی ((OSCE PA دوای رەزامەندی و پاش راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکدا .
رێکخەری تایبەت لەگەڵ سەرۆکی کومیسیۆنی ((ODIHR دا بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە کاردەکات و بەهەردووکیان کار بۆ ئەنجام دانی قۆناغی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرەتایی دەکەن

کەلەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسیدا دوای ماوەیەکی کەم لەتەواو بوونی هەڵبژاردنەکە ساز دەکرێت کارەکان ڕوون دەکەنەوە .

**٨-سەرۆکی کومیسیۆنی ( ODIHR )**
**بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە :-**

سەرۆکی کومیسیۆنی (ODIHR ) بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان دەستنیشان دەکرێت بۆ نوێنەرایەتی (ODIHR)و پشتگیری چالاکیەکانی چاودێری درێژخایەن و کورتخایەن. هەروەها هەڵدەستێت بەبەڕێوەبردنی یارمەتییە تایبەتەکان بەچاودێری هەڵبژاردنەکەو دڵنیابوون لەرێز گرتنی حکومەت لەمەرج و پێداویستییەکانی چاودێری یەکی چالاك .

سەرۆکی کومیسیۆنی (ODIHR ) بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکەش بەرپرسیار دەبێت لەزامن کردنی جێبەجێ کردنی چاودێرەکان بۆ پێداویستییەکانی کاری چاودێری. هەر یەك لەسەرۆکی کومیسیۆنی( ODIHR) بۆ چاودێری هەڵبژاردن و ڕێکخەری تایبەتی (OSCE )دا پێکەوە کاردەکەن لەماوەی چاودێری کورتخایەن و قۆناغی ئامادەکاریدا .ئەرکەکانی سەرۆکی کومیسیۆنی (ODIHR) بۆچاودێریکردنی هەڵبژاردن لەرێی سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەشی هەڵبژاردنی سەر بە ODIHR/ وارشۆ وە دیاری دەکرێن. سەرۆکی کومیسیۆنەکەش هاتوچۆ دەکات لەوارشۆ وەو بۆ وارشۆ بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان. هەروەها سەرۆکی کومیسیۆنی ((ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان هەڵدەستێت بەراوەرگرتنی بالیۆزی وڵاتانی ئەندام لە((OSCEداو کۆمیسیۆنی ((OSCE درێژخایەن گەر کۆمیسیۆنێکی هاوشێوە لەو وڵاتەدا دامەزرا .

ئەوانەی بەشدارن لەپرنسیپەکانی ((ODIHR لەوڵاتانی پەیوەندیدار دا بریتین لەلیژنەی هەڵبژاردن یان دەسەڵاتی دەست نیشان کراو بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە بەناوی (بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی نیشتمانی) , سەرۆکی کومیسیۆنی ((ODIHR یش بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان هەڵدەستێت بەپێك هێنانی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکەو دامەزراندنی ئۆفیسێکی کاتی لەپایتەختی ئەو وڵاتەدا .هەروەها

هەڵدەستێت بەئەنجامدانی پەیوەندی یاسایی و رەسمی لەسەر ئاستی نیشتمانی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا (لەناویاندا چاودێرە ناوخۆییەکان و کۆمەڵەکانی مافەکانی مرۆڤو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ترو هۆکارەکانی راگەیاندن و کەمینە نەتەوەییەکان ).

دەبێت زانیارییە کۆکراوەکان لەچەند فایلێك دا بپارێزرێن لەگەڵ ئیشارەت دان بەسەرچاوەی ئەم زانیاریانە کەرەنگە لەراپۆرتی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا سوودیان لێ وەربگیرێت .

**٨- ١ جێگری سەرۆکی کومیسیۆنی (ODIHR) بۆ چاودێری هەڵبژاردن**

جێگری سەرۆکی کومیسیۆنی ((ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردن هەڵدەستێت بەهاوکاری کردنی سەرۆکی کومیسیۆنەکە لەگشت ئەو ئەرکانەی لەسەرەوە باس کراون لەکاتی ئامادەنەبوونی دا. یەکێك لەئەرکە سەرەتاییەکانی جێگری سەرۆك پێك هێنانی پەیوەندی یاساییە لەگەڵ چاودێرانی چاودێریە درێژخایەنەکان ((LTO لەناوچەکەدا بۆ وەرگرتن و شی کردنەوەی راپۆرتەکانیان و پێدانی ئەم زانیارییانە بەسەرۆکی کومیسیۆنی ((ODIHR بۆ چاودێری درێژ خایەن , هەروەها دەبێت جێگری سەرۆك سەفەر بکات لەوارشۆوە وبە پێچەوانەوە بۆ ئەنجام دانی ئەوەی پێویستە بۆ پرۆسەی چاودێری کردنەکە .

**٨-٢ بەڕێوەبردن و فەرمانبەری کارگێری :-**

فەرمانبەری کارگێری بۆ هاوکاری کردنی سەرۆکی کومیسیۆنی ((ODIHR دادەنرێت بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە لەهەموو ئەو کارانەی پەیوەندییان بەبەڕێوەبردنی کۆمیسیۆنی چاودێرییەکەوە هەیە وەك بەڕێوەبردنی دارایی و پلان دانان بۆ چاودێریکردنی درێژو کورت خایەن. دەبێت فەرمانبەری کارگێری سەفەر بکات بۆ جێبەجێ کردن ئەرکەکانی.

**٨-٣ ئەندامە سەرەکییەکانی تر :-**

ئەندامانی کۆمەڵەی سەرەکی بۆ دیاری کردنی جۆری ئەنجامەکان دادەنرێت لەگەڵ

ڕەچاوکردنی پەیوەندی نێوان کۆمیسیۆنی چاودێری کرنی هەڵبژاردنەکە .

- **پسپۆڕیی و لێهاتوویی ڕاگەیاندن :-**

بۆ یارمەتی دانی سەرۆکی کومیسیۆنی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان دەربارەی یاساکانی ڕاگەیاندن لەهەڵبژاردنەکەو ڕۆڵو پێداویستییەکانی هۆکانی ڕاگەیاندن لەهەڵبژاردنەکەدا ,وە هەر کاتێ ڕێی پێدرا ئەوا دەکرێت بوونی تیمی چاودێری ڕاگەیاندن شتێکی باش بێت .

- **پسپۆڕییە یاساییەکان :-**

بۆ ئامۆژگاری کردن لەو بوارانەی پەیوەندی بەچوارچێوەی یاساییەوە هەیە کەهێماو دەستەواژەکانی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ڕێکخستنی ئەنجامەکاندا .

- **پسپۆڕیی هەڵبژاردن :-**

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریو ڕاوێژ کردن سەبارەت بەتەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو جۆری ئەنجامەکان,و پێك هێنانی پەیوەندی بەدەسەڵاتی سەرەکییەوە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە وبەتایبەتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ کێ بڕکییە سیاسییە سەرەکییەکان .

- **کارمەندی دارایی :-**

بۆ هاوکاری کردنی کۆمیسیۆنی (ODIHR) بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنو کارمەندی کارگێڕی لەهەموو ئەو کارانەی پەیوەندی یان بەبەڕێوەبردنی دارایی کۆمیسیۆنی چاودێری هەڵبژاردنەوە هەیە .

- **پسپۆڕەکانی بواری ئامار :-**

بۆ ئامۆژگاری پەیوەندیدار بەگەشە پێدانی فۆرمی ڕاپۆرتی چاودێرەکان چۆنێتی شیکردنەوەیان .

- **کارمەندی پەیوەندییەکان :-**

بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وەفدی پەرلەمانی بۆچاودێری هەڵبژاردنەکانو بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی دەست نیشان

كراون بۆ سكرتاريەتی نێو دەوڵەتی OSCE PA گەر پێویستی كرد .

### ٩-قۆناغی پێش هەڵبژاردن :-

#### چاودێری درێژ خایەن :-

پرۆسەی چاودێری هەڵبژاردنەكان كاری یەك رۆژنییەو دەبێت زانیاری تەواو بخرێتە بەردەست ئەوانەی كەبەشداری دەكەن لەو پرۆسەی هەڵبژاردنەدا لەرێگای فیلم ورەسمی فۆتۆگرافییەوە, ودەبێت چاودێرەكان هەستن بەپێداچوونەوەی قۆناغە رابوردووەكانی خولی هەڵبژاردن لەناونووسی دەنگدەرەكانەوە تا هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن‌و پاشان دەنگدانی كۆتایی‌و ژماردن‌و وردبینی ئەنجامەكان‌و چارەسەر كردنی سكالاَو كێشەكان بەمەبەستی ئەنجام دانی باشترین جێبەجێ كردنی رێنماییەكان ((ODIHR بۆ چاودێری درێژخایەن‌و ئەو كۆمەڵە سەرەكییەی ((LTO كەلەلایەن ولاَتانی ئەندامەوە راسپێرابوون بۆ ماوەی دوو مانگ بەلای كەمەوە پێش دەست پێ كردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەكە .

رۆڵی یەكەمی LTO كۆكردنەوەی زانیارییە دیارەكانی چالاكی‌و پاكی بەرێوە بردنی قۆناغی پێش هەڵبژاردنەكەو جێگیر كردنی یاسای هەڵبژاردن‌و هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن وكەشی سیاسی پێش وەختە .

بۆ ئەوەی چاودێریكردنی رۆژی هەڵبژاردن لەو چوارچێوەیەدا بێت كەبۆی دیاریكراوە دەبێت ((LTO چاودێری بێ لایەنی یاساو راستییەكان بكرێت لەگشت قۆناغەكانی خولی هەڵبژاردن ,ولەوانەش پەروەردەو رۆشنبیری دەنگدەر وناونووسینی‌و بەتایبەتی چاودێریكردنی كەمینەكان‌و ئافرەت , وەك دوور خستنەوەو وەلاخستنیان لەپرۆگرامەكانی پەروەردەو رۆشنبیری دەنگدەر ونوێنەرایەتی كردن لەهەیكەلە كارگێڕییەكانی هەڵبژاردنەكاندا .

دەبێت ((LTO ئامادەبێت لەرۆژی دیاری كراودا بۆ وەرگرتنی رێنماییەكان لەسەرۆكی كومیسیۆنی ((ODIHR بۆ چاودێریكردنی هەڵبژاردنەكان‌و دەبێت رێنماییەكان ئەم خالاَنەی خوارەوە لەخۆ بگرێت :-

- پێداچوونەوەی OSCEو بەتایبەتی رۆڵی ODIHR.
- پێداچوونەوەی كتێبی ODIHR بۆ چاودێریكردنی هەڵبژاردن كەچەندین

دەســـــتەواژەی كــــارگێڕی‌و پرۆگرامـــــی ((ODIHRی تێدایە بۆ چاودێریكردن .

- روون كردنـەوەی ڕێنمـایی‌و یاسـاكانی هەڵبژاردن .
- پێداچـــوونەوەی بـــاروودۆخی وەڵام دانەوەی پرسیاری رۆژنامەنووسەكان .

پاش وەرگرتنی متمانەی كاركردنیان ((LTO كارمەندەكانی دابـەش دەكات بەشێوەی هـەر تیمـەو دوو كـەس بـۆ هەڵبـژاردنی شـوێنەكان لـەو شارەی كەپرۆسـەی هەڵبژاردنەكـەی تیدا ئــــەنجام دەدرێـــــت .ودەبێـــــت ((LTO راپۆرتــەكانیان بنێــرن لەســەر ئــەو شــتانەی دەیبیـنن كـەدواتر بـەكاردەهێنرێن لەپۆختـەی راپۆرتی ((STO دا ودەبنە بەشێك لـەراپۆرتی كۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەكە .

چـــاوەڕوانی ئـــەوەش دەكرێـــت كـــە((LTO ئامــــادەی كۆبوونەوەیــــەكی دەوری بێـــت كەســـــەرۆكی كۆمیســــیۆنی ((ODIHR بـــۆ چـاودێری هەڵبـژاردن بانگهێشـتی بـۆ دەكـات لـەكاتی خـولی تایبــەت بەچـاودێری ,و بــەبێ دەست خستنە پرۆسـەی هەڵبژاردنەكە بەهیچ شـێوەیەك ((LTO بەرپرسـیاردەبن لـەدیاری كردنـــی پەیوەنـــدی لەگـــەڵ دەســـەڵاتەكانی هەڵبـژاردن لەهــەرێم‌و ناوچــەكاندا ,هــەروەها لەگــەڵ حكومـــەت ولایەنـــە سیاســـییەكان‌و ڕێكخـراوە نـا حكومییــەكان (لەوانــەش هــەر كۆمـەڵێكی مافـەكانی مـرۆڤ یـان چـاودێری‌و ڕێكخراوە مەدەنییەكان‌و راگەیاندن‌و چاودێرە نیشـتمانییەكان ). دەبێـت ((LTO چـاودێری ئـەم خاڵانــە بكــەن لــەقۆناغی پــێش خــولی هەڵبژاردندا :–

٩–١ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن :–

بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی نیشتمانی پێك هـاتن ,وسەرچـاوە مرۆییـەكان,راهێنـان ,سەرچـاوە ئامرازەكان .

دەنگدەرو پەروەردەی مەدەنی .

پێناسەی دەنگدەران‌و تۆماركردنیان .

ناونووسی پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەكان .

سنوورەكانی هەڵبژاردن .

نهێنی بوون‌و ڕێكخستنی دەنگدان .

ڕێنماییە تایبەتەكانی دەنگدان .

جیاكردنــــەوەو پــــۆلێن كــــردن‌و وردبینــــی پرۆسەكە .

سكاڵاكان‌و میكانزمی پیاچوونەوە .

## ٩- ٢ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن
:-

أ) هەڵمەتە سیاسییەکان .

ب) سەرچاوەی دارایی هەڵمەتەکان .

ج) راگەیاندن .

د) هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئاسایش .

### ٩-١ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان :-

أ/ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی نیشتمانی :- پێك هاتن، سەرچاوەی مرۆیی، راهێنان، سەرچاوەی هۆکارەکانی پێك هاتەی کارگێری هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان :-

لە حاڵەتی ئاساییدا بەڕێوەبەرایەتییەکی نیشتمانی دادەنرێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن وەك (لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردنەکان) (ل.ن.ھ)یان هەر قەوارەیەکی لەو جۆرە ,وهەندێك جار چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەڕێگای دەزگای دادەوە ,یاهەر هەیکەلێك بەڕێوەدەبرێت بەشێوەیەکی بێلایەن وپاك ودروست .

دەبێت دەستەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن بێ لایەن بێتو لەو جۆرە کەسانە بن کەفرتوفێڵی سیاسەتبازی وهاندان بەپاداشتی ماددی کاریان تێ نەکات. لەگەڵ ئەو سەربەخۆییەدا دەبێ ئەو کەسانە خاوەنی ناوبانگی باش وڕێزوهەڵسوکەوت وشارەزایی تەواوبن، بەجۆرێك بتوانن بەشێوەیەکی باش ڕێنمایی ویاساکانی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن بێ ئەوەی بترسن لەهەڕەشەو ڕێگریی لەئەنجامدانی کارەکانیان .

جگە لەمەش دەکرێت دەستەی کارگێری پێك بهێنرێت بۆ راگرتنی پارسەنگی نێوان ئەو نوێنەرانەی لەلایەن حیزبەکانیانەوە دەست نیشان کراون .

مەبەست لەو پارسەنگییە پێناسەکردنی نوێنەرانی حیزبەکانە وڕێکخستنی دەسەڵاتە لەنێوانیاندا لەگەڵ یەکسانی لەنوێنەرایەتی کردندا لەسەر گشت ئاستەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

هەرکاتێك نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لیژنەکانی هەڵبژاردنیان پێك هێنا ئەوا بەشداریکردن لەپروپاگەندەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان لێ قەدەغە دەکرێتو نابێت لەحیزبەکانیان دەربکرێن لەسەر ئەو بڕیارانەی لەبەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکەدا دەریدەکەن .

باشتر وایە ئەم دەستە کاگێرییە هەمیشەیی بێت یان بەلای کەمەوە لەگەڵ دەست نیشان کردنی لیژنەی تەنفیزی دابێت .وئەگەر هەمیشەیی نەبوو ئەوا بەشێوەیەك بێ لایەن بپارێزرێت گەر پلەوپایەی ئەندامەکانی پارێزراوبن دوای گەرانەوەیان بۆ سەر کارەکانیان. ئەگەر دەزگای داد هەستا بەبەرێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە ئەوا دەبێت بێ لایەنی بپارێزرێت لەرێگای پاراستنی پلەو پایەی یاسایی ئەندامەکان بەرامبەر بەدەسەلاًتی رەسمی .

دەبێت دەستەی کارگێری بەبێ لایەنی کاربکات ودەبێت مافەکانی ئازادی رادەربرین ,وکەمینەکان , ورێکخراوەکان ,وبێ لایەنی رێنماییەکانی پرۆسەکە بەپێی یاسایی بێت. هەر خراپ بەکارهێنانێکی دەسەلاًت لەوانەیە شەرعییەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە. بخاتە مەترسییەوە .

دەکرێت ئارامی لەبەرێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا جێگیر بکرێت لەرێی بلاًوکردنەوەی ئاشتیو ئاسایشی گشتی یاساییەوە لەکاتێکدا دەبێت چاوپێکەوتنی بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردنی نیشتمانی کراوە بێت وسات و کاتەکانیشیان تۆمارکرابێت .

وەزارەتە پێشوەکان ,ودەستە کارگێرییەکانی تر مەرکەزیو گشتی ,ونوێنەرانی حکومەت لەسەر ئاستی ناوچەکان ,وکۆمیسیۆنی کارگێری ناوخۆیی لەهۆڵی هەڵبژاردنەکەدا کاردەکەنو پشتگیری لەبەرێوەبردنی هەڵبژاردنەنیشتمانییەکە دەکەن لەرێی کارە کارگێریو لوجستییەکانەوە بۆ ئامادەکردنو بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکە ,هەروەها رەنگە ئەرکی ئامادەکردنو دابەشکردنی ناونووسەکان وپسوڵەکانی هەڵبژاردن وسندوقەکانی دەنگدانو شوێنی دەنگدانو مۆری رەسمیو گشت پێداویستییەکانی تر بگرنە ئەستۆ لەگەڵ دابین کردنی عەمباری کەلوپەل ودابەشکردنیان وپاراستنی ئاسایش .دەبێت چاودێرەکان رۆڵی وەزارەتی پەیوەندیدارو دەسەلاًتە ناوخۆییەکان بزانن لەرێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا.

**سەرچاوە مرۆییەکانو راهێنان :–**

دابین کردنی سەرچاوەی مرۆیی ولێهاتوویی تایبەت بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە زۆر پێویستە .

دەبێت چاودێرە درێژ خایەنەکان ئەو ڕێنماییانە ڕەچاو بکەن کەبۆ کارمەندانی هەڵبژاردنەکە دادەبەزێنرێت و دەبێت کارمەندەکان لەگەڵ کارەکانیاندا بگونجێن لەرۆژی هەڵبژاردنەکەدا .دەبێت چاودێرەکانیش هاوکاریان بکەن هەرچەندە ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنەکە چەندین خول دەبینن لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا, دەبێت ئەم جۆرە ڕاهێنانە ئامادەبوونی حیزبەکانیشی تێدابێت ودەبێت (LTO) چاودێری ئەم جۆرە خولانەش بکات.

**سەرچاوەو ئامڕزەکانی بەڕێوەبەردنی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان :-**

دەکرێت بێلایەنی دەستەی کارگێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە زامن بکرێت لەرێگای دابین کردنی سەرچاوەی دارایی بێلایەن وپێویست بۆیان لەلایەن سەرچاوەو لایەنە حکومییەکانەوەو دەبێت چاودێرەکان دڵنیابن لەتێگەیشتنی بەڕێوەبەرایەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بۆ گرنگی دابین کردنی پێداویستییە کانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە, وەك :-

- گرنگی ئامادەکردنی ژمارەی پێویست لەئاسانکارییەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن
- گرنگی ئامادەکردنی ئامێروکەل وپەلی تایبەت بەبنکەکانی دەنگدان وەك (ژمارەی پسولەی دەنگدان, نهێنی دەنگدان و ئامادەکردنی بڕی پێویست لەسندوقەکانی دەنگدان, ژمارەی شوێنە تایبەتەکان بەدەنگدان) .
- دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی کۆمپیوتەر بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

**دەنگدەر وپەروەردەی مەدەنی :-**

دەبێت چاودێرەکان رۆڵی بەرچاویان هەبێت لەسەقامگیرکردنی رۆشنبیریو پەروەردەی مەدەنی دەنگدەرەکان .

چوونکە زۆر پێویستە کار لەسەر هوشیارکردنەوەی دەنگدەران بکرێت لەباری شارستانییەوە بەمەبەستی زامنکردنی بەشداریکردنیان لەپرۆسەکەدا بەبیرو

هۆشیاری تەواوەوە سەبارەت بەماف و ئەرکەکان دەنگدەر .

ئەم هەولانەش دەبنە هۆکارێکی بەهێز بۆ زیاتر بەئاگابوون لەهەڵبژاردن و بنیاتنانی کەشوهەوایەکی کراوە بۆ گفتوگۆکردن .

پەروەردەو هۆشیاری دەنگدەر کار لەسەر بەشداری بوونی دەکات و دەبنە رێگەنیشاندەری بۆ شوێن و کات و چۆنێتی دەنگدان, بۆیە زۆر پێویستە کەئەم زانیارییانە ناوبەناو ئامادە بکرێن بەشێوەیەك کەبواربدات بەو دەنگدەرە بۆ بەکارهێنانی.

زانیارییەکان و پەروەردەکردنی شارستانییانە بەدرێژترین پرۆسەی پەروەردەکردنی هاولاتیان دادەنرێت لەسەر پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و ئەرکە مەدەنییەکان و، رەنگە کار لەسەر توانای هەڵبژاردنی دەنگدەرەکەو سەقامگیرکردنی ئەو هەڵبژاردنە بکات بەپێی رێزگرتن لەسیستمی سیاسی و رەنگە حزبە سیاسییەکان و رێکخراوە مەدەنییەکان هاوکاری بکەن لەهەوڵەکانی پەروەردەکردنی شارستانییانەی دەنگدەر .

یەکێك لەو ئەرکانەی دەکەونە ئەستۆی حکومەت و دەسەلاتەکانی هەڵبژاردن زامنکردنی تێگەیشتنی دەنگدەرەکانە بۆ ئەو زانیارییە بابەتی و بێلایەنانەی کەپێوستە دابین بکرێن بۆ هەموو دەنگدەرێکی شیاو لەوانەش بەشی بەشخوراوەکانی کۆمەڵ وەك (کەمینەکان).

## گرفتە چاوەڕوانکراوەکان

رەنگە زانیارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە درەنگ بگاتە جێی ئەو زانیاریانەی کەلەرێگەی بلاوکراوە زانیارییەکانەوە بلاودەکرێنەوەو باس لەشوێنی فڕێدانی پسولەی هەڵبژاردنەکان دەکات بۆ ئەو پالێوراوەی زیاتر پەسەند دەکرێت کەچی کۆمەڵە سەرەکیەکان درەنگ زانیارییەکانیان پێدەگات.

### پێناسەی دەنگدەرو ناونووسینی

دەبێت مافی دەنگدان بدرێت بەگشت هاولاتیەکانی ئەو شارە بەیەکسانی دوای گەیشتنیان بەتەمەنی یاسایی بۆ دەنگدان.

لیستی نیشتمانی دەنگدەر بریتییە لەمەلەفێکی گشتی کەرەگەزو زانیارییەکانی

تری سەر هەر دەنگدەرێکی تێدایە بەپێی بنەمای (یەك دەنگ بۆ یەك کەس).

دەبێت دەنگدەرەکان ئاگایان لەرێنماییەکانی ناونووسی بێ بۆیە دەبێت لیستی دەنگدەرەکان بڵاوبکرێنەوە بەجوانیو بەشێوەیەك کەسکاڵاکەران بتوانن لەراستیو دروستی زانیاریەکان دڵنیابن .

دەبێت چەند رێنماییەکی یاسای هەبێت بۆ رێکخستنی ناونوسینی ئەو کاتو شوێنانەو شیاویو نەشیاوییان لەرێزگرتنی رەگەزو تەمەنو ئامادەنەبوونی کاتیو پێناسەکردنو فۆرمی ناونووسینەکەو رێکخستنی ناونووسەکان بڵاوکردنەوەی رەشنووسی ناونووسینەکان، رێنماییەکانی حوکمو یاسا، بڵاوکردنەوەی ناونووسی کۆتایی، توانای پشکنینی لیستەکان .پێویستە چۆنێتی جێبەجێکردنی پرۆسەی ناونووسینەکە هەڵبسەنگێندرێت بۆ زامنکردنی نەبوونی کۆسپی نابەجێ لەکاتی ناونووسی دەنگدەرەکاندا، وەك رەگەزو رەنگو ئایینو رابردووی سیاسیو زمانو نەخوێندەواریو خوێندەواری، توانای دانی باجەکان ...........هتد .

رێگەرە رێپێدراوەکانیش بریتین لەهاوڵاتیبوون، هەروەها ئەوانەشی کێشەی یاساییان هەیەو حوکمدراون ... هتد .
لەباسی ئەم مەرجانەدا چەند کەسانێك هەن لەهەندێك وڵاتدا مافی دەنگدانیان لێدەسێنرێتەوە بەپێی پێشێلکردنی پرنسیپە گشتیەکان .بەهەرحاڵ سەبارەت بەهاوڵاتیبوون دەبێت مافی دەنگدان بدرێت بەوانەی وەك پەناهەندە لەو وڵاتەدا دەمێننەوە بۆ ماوەی درێژ .

ناونووسینی دەنگدەران باشترین میکانیزمی نوێکردنەوەی لیستی نیشتمانی ناوی دەنگدەرەکانە. بەکارهێنانی سیستمی کۆمپیوتەریش لەم بوارەدا یارمەتی حوکمەت دەدات بۆ پشکنینی ئەوەی لەو لیستانەدا هەیە. بەهەرحاڵ هەندێك وڵات ناتوانن زانیاریەکانیان بخەنە بەرنامەی کۆمپیوتەرەوە .رەنگە رێگاکانی ناونوسی لەوڵاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر بگۆرێت بەپێی ئەو توانایەی لەبەر دەستیاندایە .

هەموو شێوازێکی ناونوسی پێویستی بەچەند کارێك هەیە بۆ ناساندنو تۆمارکردنی ناوی هەموو کەسێکی شیاو رەنگە پێویستی

بەسەردانی هەموو ماڵێك و هەموو كەسێك ببێت بۆ پڕكردنەوەی فۆڕمی راپرسی لەماڵەكانداو رەنگە پێویست بكات كەهەموو كەسێك بچێت بۆ ئەو بنكانەی ناونوسین كەدەكەونە نزیك ماڵەكانیانەوە بۆ ناونووسینیان لەلیستی هەڵبژاردندا .

رەنگە ناونوسینەكە پشت ببەستێت بەئەنجامە بەدەستهێنراوەكانی ناونووسی وەك ئەنجامەكانی ناونووسی هەڵبژاردن و ناونووسی تەواوی نەتەوەكان .......هتد.

رەنگە ئەو گۆرانكاریانەی بەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتواندا دێت كاریگەری زۆری بەسەر ئەنجامەكانی ناونووسیندا هەبێت. دیاریكردنی ژمارەی ئەوانەی جێگۆركێیان كردووە لەنێوان دوو پرۆسەی هەڵبژاردندا بەیەكێك لەكێشە ئاڵۆزەكان دادەنرێت .

دەكرێت لیستێك دروست بكرێت بەدەنگدەرەكان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستاو رابردوویان و دەبێت دووبارە بوونەوە روونەدات لەناونووسینەكەداو بەتایبەتی كاتێك دەنگدەرەكان پسولەی تایبەتی وەردەگرن بۆ دەنگدان. دەبێت سیستمی ناونووسینەكە نەرمیەكی تێدا بێت بۆ زاڵ بوون بەسەر دیاردە تایبەتیەكاندا. وەك نەهاتنی ناوی دەنگدەرێك لەلیستی ناونووسینە دا كەلەبنكەی دەنگدانەكەدا هەیە لەرۆژی دەست پێكردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەكەدا، وەلەم كاتەدا دەبێت چاودێرەكان لێكۆلینەوەی تەواو بكەن لەسەر كەسایەتی دەنگدەرەكە بۆ دڵنیابوون لەدووبارەبوونەوەی دەنگەكان هەروەها دەكرێت ئەو دەنگدەرە نوسراوە رەسمیەكانی خۆی بهێنێت بۆ لێكۆڵینەوەی پێویست لەسەر كەسایەتی ئەگەر ناوی بەهەڵە لەلیستی دەنگدەراندا نەنوسرابوو .

(**تێبینی** ):-

(ئەگەر دەنگدەرێك ناوی نەنووسرابێت، لەم كاتەدا دەكرێت رێگەبدرێت بەو هاولاتییە بۆ بەشدار بوون لەهەڵبژاردنەكەدا بەپشتبەستن بەو بەڵگانەی كەهاولاتیبوونی دەسەلمێنێت هەروەها دەبێت ئەو دەنگدەرەی لەدەنگدان لێدەبێتەوە، جیابكرێتەوە بەشێوازی تایبەتی وەك رەنگێكی تایبەت بەمەبەستی دووبارەنەبوونەوەی دەنگەكان )

## ناونووسینی دەنگدەرو لایەنە سیاسییەکان
.

برگەی (٣-٧) لەراپۆرتی کوبنهاگن ١٩٩٠ دا باس لەمافی هاولاتی دەکات بۆ گرتنەبەری هەر بۆچونێکی سیاسی یان گشتی وەك خۆی یان وەك نوێنەری حزبێکی سیاسی یان رێکخراوێك بەبێ لایەنگیری بەرپرسان، هەر لایەنگیرییەك لەجێبەجێکردنی یاسادا بۆ بایەخدانی زیاتر بەلایەنێك جگە لەوانەی تر دەبێتەهۆی پێشێلکردنی رێنماییەکانی OSCE بەپێی هەمان بنەما دەکرێت ئەو دەنگدەرە ببێت بەپالێوراو هەروەها دەکرێت گشت لایەنەسیاسییەکان هەمان ژمارەی پالێوراو پێشکەش بکەن، بەبێ دیاریکردنی رەنگو رەگەز وئایینو بۆچوونی سیاسیو توانای ئابووری لەو گرفتانەی دێتە رێگەی ئەو کەسەی دەیەوێت ببێتە پالێوراو ماوەی نیشتەجێبوونیەتی وەك هاولاتی لەماوەی پێش جێبەجێکردنی پرۆسەی هەلبژاردنەکە.

یان گەیشتن بەتەمەنی یاسایی بەشداریکردن لەپرۆسەی هەلبژاردنەکەدا .
دەبێت سنوورەکان بەوردیو بەشێوەیەکی دروست دیاریبکرێن لەرێگەی لیژنەیەکی بێلایەنو پسپۆرانی تایبەت بەم کارە.
چۆنیەتی دیاری کردنی سنوورەکان بەپێی سروشتی سیاسی یان بەشێوەی هەلبژاردن بەبێ لایەن گیری لەرێی چەند هۆکارێکی بنیات نەرەوە کارێکی ئاسان نییە .

## ح- بەرنامەرێژی پرۆسەی دەنگدانو پاراستنی نهێنی بوونی دەنگدان

ئاسانی ئالۆزی پرۆسەی دەنگدان کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر لێهاتوویی پرۆسەی هەلبژاردنەکە .دەبێت ئاسانکاری بکرێت بۆ پاراستنی نهێنی دەنگدانی ئەو کەسە بەشێوەیەك کەهەموو دەنگدەرێك مۆری تایبەتی بنکەی هەلبژاردنەکەیو ئیمزای ئەو کەسەی دەسەلاتی هەیە لەو بنکەیەدا بزانێت.
سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHRچاودێریکردنی هەلبژاردن وچاپکردنی پسولەکانی دەنگدانو شوێنو شێوازی پاراستنیانو دابەشکردنیان دیاریدەکات بۆ ناوچە جیاجیاکانو کاتی

جێبەجێکردنی ئەم کارە، چونکە پسولەکان دەخرێنە زەرفی تایبەتەوە، وەبەهەمان شێوە دەبێت چاودێرەکان نهێنی دەنگدانەکە بپارێزن .

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان :-

لەو کۆمەڵگەیانەی بەچەند زمانێك دەدوێن دەبێت چاودێرەکان ئاگایان لەئاسانکاری یەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکە بێت بۆ ئەوانەی کەباش بەزمانی سەرەکی ئەو شوێنە قسەناکەن .

**ە- ڕێنماییە تایبەتیەکانی دەنگدان :-**

لەکاتی ڕێپێدان بەدەنگدان لەسندوقە گەڕۆکەکانداو دەنگدانی ئامادەنەبووان و شوێنە سەربازییەکان و بەندیخانەو نەخۆشخانەکان، دەبێت چەندین کاری چاودێری توند بگیرێتە بەر .

**سندوقەکانی دەنگدانی گەڕۆك بۆ دەنگدانی ئامادەنەبووان :-**

بەرەنگاربوونەوەی ڕەخنەکانی سەر لایەنگیری وەك ناونەنووسینی ژمارەیەکی زۆری نائاسایی لەلیستی ناوی دەنگدەرەکاندا. هەروەها دەبێت مافی پیاچوونەوەی بڕیاری دادگا (استئناف) زامن بکرێت بۆ ئەوانەی ناویان لەگەڵ حیزب و لایەنێك نانووسرێت.

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان :

لابردنی راگرتنی حزبێك یان پاڵێوراوێك کەناگونجێت لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساو ڕێز گرتن لەناونووسی پاڵێوراوەکان و برگەی یاسای هەڵبژاردن کەلایەن گیری بۆ لایەنە سیاسییە باڵادەستەکان کاری تێدەکات .

**سنوورەکانی هەڵبژاردن**

بەپێی ڕێنماییەکانی OSCE دەبێت گشت دەنگەکان هەمان کێشیان هەبێت بۆ گەیشتن بەیەکسانی لەناونووسیدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەهەموو پاڵێوراوێك هەمان ژمارەی دەنگدەری نووسراوی بەردەکەوێت .

بۆ نموونە لەزۆربەی سیستەمەکانی هەڵبژاردندا نابێت جیاوازی نێوان بازنەیەکی هەڵبژاردن و بازنەیەکی تردا لە(١٠٪) زیاتربێت. بەڵام لەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا جیاوازی لەژمارەی دەنگدەرەکاندا

دەبێت لەنێوان بنکەکانی دەنگداندا چونکە دەبێت ژمارەی نوێنەرانی بنکەکان لەگەڵ ژمارەی دەنگدەرانی ئەو بنکانە هاوتابن واتە ژمارەی نوێنەرەکان بەپێی رێژەی ژمارەی دەنگدەرەکان دیاری بکرێت. دەبێت یاسای هەڵبژاردن وردەکارییەکان و پێوەرەکان دیاریبکرێت بۆ ئەوانەی سنوورەکانی هەڵبژاردنی لقەکان دەکێشن .لەگەڵ رەچاوکردنی ژمارەی دەنگدەرانی هەر لقێك و سروشتی مێژوویی سنوورەکان .

بوونی سندوقی دەنگدانی گەڕۆك بۆ ئامادەنەبوان بەشداریکردنی دەنگدەران زیاتر دەکات. بەهەر حاڵ دوور نییە ئەگەر ئەم شێوازە بەخراپی بەکاربهێنرێت ناوبانگی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بخاتە مەترسییەوە .

دەبێت ( LTO) چاودێری ئەم جۆرە حاڵەتانە بکات و تێبگات لەو بنکانەی کەزۆر لەدەنگدەران ئامادەنابن تێیدا لەگەڵ ئەوە کەچاودێریکردنێکی توندی ئەم حاڵەتانە مافی دەنگدان بۆ هەندێك زەوت بکات بەڵام رەنگە یاسا دانەرەکان والێبکات کەپەسەندی بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە متمانەی گشتی بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە زیاتردەکات .

## دەنگدان لەشوێنە سەربازییەکان و بەندیخانەو نەخۆشخانەکان :-

لەو حاڵەتانەی کەرێگە بەدەنگدان دەدرێت لەو شوێنە سەربازی و بەندیخانەو نەخۆشخانانەدا دەبێت :-

- هۆکاری تەواوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دابین بکرێت بۆ ئەو بەندکراو سەربازو نەخۆشانەی کەهەن بەمەبەستی بەشداریکردنیان لەدەنگدان بەئارەزوی خۆیان لەرۆژی هەڵبژاردنەکەدا .
- شێوازی کارگێری تایبەت دابین بکرێت بەشێوەیەك کەدووبارەبوونەوە لەدەنگەکاندا روونەدات .
- بواری گونجاو بۆ دەنگدانی هەمووان دابین بکرێت .

## جیاکردنەوەو پۆلێنکردن و وردبینی پرۆسەکە :

- پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەبێت بەرێوەبەرایەتی نیشتمانی هەڵبژاردنەکە پرۆسەکانی ژمارەی دەنگەکان و نووسینی راپۆرتەکان و گەیشتن

بەدەنگدەرەکانو حیزبو راگەیاندنەکان روونبکاتەوە بەشێوازێکی دروستو گونجاو. هەروەها پێدانی ئەنجامە سەرەتاییەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا .

– دەبێت ( LTO) یارمەتی پرۆسەکە بداتو راستیو دروستی بپارێزێت .

– دەبێت پرۆسەی ژماردنەکە ئامادە کرابێت بۆ وردبینیو دەبێت پاڵێوراوە متمانە پێبەخشراوەکانو چاودێرە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانو راگەیاندن مافی چاودێری تێکڕای پرۆسەی ژماردنەکەیان هەبێت کاتێك خشتەی دەنگەکان ئامادەدەبێت .

هەموو پاڵێوراو چاودێرە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانو راگەیاندن مافی وەرگرتنی وێنەی ئەنجامە رەسمیەکانی گشت بنکەکانی هەڵبژاردنیان هەیە (لەگەڵ بەڵگەکاندا ) کەدەبێت بۆ هەمووان رابگەیەنرێن لەرێگەی راگەیاندنەوە .

دەبێت پرۆسەی کۆکردنەوەی ئەنجامەکان کراوەو ئامادەبێت بۆ پشکنین لەلایەن دەسەڵاتی بنکەکانی هەڵبژاردنو بەرێوەبەرایەتی نیشتمانی هەڵبژاردنەکەوە لەگەڵ هەموو بەڵگەو یاسا پەیوەندیدارەکاندا، هەروەها گواستنەوەی دەنگەکان بەشێوەیەکی نهێنیو دروست.

خۆ ئەگەر کۆمپیوتەر بەکارهێنرا بۆ ناردنی ئەنجامەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەوا دەبێت چاودێرەکان ئاگایان لەپرۆسەکە بێتو رێگەیان پێبدرێت بۆ چاودێریکردنی.

## سکاڵاکردن و میکانیزمی بەدواداچوون:-

دەبێت مافی داوای بەدواداچونەوەی کێشەکان دەستەبەر بکرێت لەرێگای دەستەیەك لەیاساناسی نیشتمانی بێلایەنو سەربەخۆ بۆ هەموو حیزبە بەشدار بووەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە دا، ودەبێت چەند رێنماییەك دابنرێت بۆ ئەم مەبەستە وەك میکانزمی بەدوادا چوونو یەکالاکردنەوەی کێشەکان .

دەبێت چاودێرەکان بایەخی تەواو بدەن بەچۆنیەتی میکانیزمی گەیشتن بەدەسەڵاتو ماوەی دەسەڵاتدارێتیو دەزگاکانی, بۆ نموونە ناکرێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکە پاکژ بێت ئەگەر میکانیزمی بێلایەنو سەربەخۆی بۆ دیاری نەکرێت .

دەبێت ئەو سکاڵایانەی لەلایەن پاڵێوراوەکانو دەنگدەرەکانەوە پێشکەش دەکرێت

یەك شێوازو مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت وەبەپێی یاسا، ودەبێت رێنماییەكان و شوێن وبەرواری ئەنجام دانی پرۆسەكە رابگەیەنرێت بەروونی و بەپێی سیستمی هەڵبژاردنی دیاری كراو. كەبەئاسانی پەسەند بكرێت بۆ چارەسەركردنی سكالاَكان بەپێی دەسەلاَتی یاسایی تایبەت بەم مەبەستەو بەپێی یاسای هەڵبژاردن. دەبێت ئەركەكان بۆ ماوەیەكی دیاریكراو دابنرێت و گشت بڕیارەكانیش رابگەیەنرێت و دەكرێت سوود لەسكالاَكان وەربگیرێت لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا وەك پێوەرێك لەسەر ئەو ئەنجامانەی كەدەبێت (LTO) لێیان بكۆلێتەوە .

## كێشە چاوەڕوانكراوەكان :-

وەلاخستنی سكالاَكان لەكاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەكەو پاش تەواوبوونی، بەدەمەوە نەبوونی كێشەكان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانی هەڵبژاردنەكەوە پاش بڕیارەكانی دادگاو نادروستی ئەو رێنماییە بەناو یاساییانەو ئەو زانیارییە كەمو سەرلێشێوێنەرانەی كەدەدرێت بەوانەی سكالاَكان پێشكەش دەكەن.

## ٩-٢-هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن :-

### *ا-هەڵمەتە سیاسییەكان :-*

پابەندبوون بەرێنماییەكانی OSCE ئەوەی لەخۆگرتووە كەرێگە بدرێت بەهەڵمەتی راگەیاندنی سیاسی لەكەش و هەوایەكی ئازادی رادەبریندا و بوونی كۆمەڵە رێكخراوەكان. هەروەها دەبێت ئەم مافانە بەبەردەوامی بپارێزرێن بۆ رێگەپێدان بەرێكخستنەكان و هەڵمەتە سیاسییەكان بۆ ئاگاداركردنەوەی هاولاَتیان سەبارەت بەپاڵێوراو ئەنجامەكان و دەبێت نهێنی دەنگەكان پارێزراو بێت نەك وەك ئەو كارانەی پێشتر باسكران.

حكومەت بەرپرسیارە لەدابینكردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن. كێبەركێیەكان تێیدا پەیوەستدەبن بەیاساوە بیَ پەنابردنە بەر توندوتیژیو ترساندن .

دەبێت پاڵێوراوەكان ئازاد بن لەگواستنەوەی بەرنامەكانیان بۆ گەیاندنی بەدەنگدەرەكان بەبێ رێگرتن لەكۆبوونەوەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و بەبێ پێشێلكاری جوگرافی سەپێنراو لەلایەن حكومەتەوە

( ناوچەی قەدەغەکراو ). وەدەبێت پێناسەیەکی باشی پرۆسەکە هەبێت بۆ مۆڵەت دانی کۆبونەوە گشتی و سیاسییەکان و پشتگیری لەچالاکیەکان.

یپ٥٤پ٤ دەبێت چەند لایەنێکی یاسایی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانەو دەبێت چاودێرەکان بەئاگابن لەتوانای شوێنەکان بۆ گرتنەخۆی کۆبونەوەکان بەبەکارهێنانی گشت هۆکانی پێویست بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئازادی راستەقینەی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان و دەربرینی گشت بۆچوون و هێزە سیاسییەکان. بەتایبەتی سەرنجڕاکێشانی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا .

***ب- سەرچاوەی دارایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:***

هەڵمەتی هەڵبژاردنی چالاك پێویستی بەسەرچاوەی دارایی گونجاو هەیە، بۆ خەرجی هەڵمەتەکان و مانگانەو کرێی هاتوچۆو خەرجی ئۆفیسەکان و کڕینی ئامێری چاپکردن و هۆکانی راگەیاندنی ئەلکترۆنی و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەوەی پێویستە لەهەڵمەتەکەدا، هەرچەندە ئاسان نییە کەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەئازادی کاربکەن بەبێ کێشەو گرفت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سیستمێکی دادپەروەر دابنرێت بۆ ئەم هەڵمەتانە. دوور نییە ئەم کارە لەرێی یاسای هەڵبژاردنەوە ڕێکبخرێت کەمامەڵە لەگەڵ پشتگیری گشتی دارایی دەکات گەر لەلایەن حکومەتەوە دابینکرا.

ئەرکی حکومەتەکەیە نەهێڵێت دەوڵەت سەرچاوە مرۆیی و مادییەکان بەکاربهێنێت بۆ لایەن گیری چەند حیزب و پالێوراوێکی یاسایی واتە دەزگاکانی حکومەت هۆکانی پەیوەندی سیمدار بۆ کاروباری لایەنێك بەکارنەهێنێت جگە لەوانی تر. چونکە دەبێت هەمووان بەیەکسانی بەکاریبهێنن .

کاتیش یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی هەڵمەتە چالاکەکانی هەڵبژاردن .

دەبێت کاتی تەواو دابنرێت بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکان بەدەنگدەرەکان .

دەبێت کاتی تەواو تەرخان بکرێت بۆ ڕێکخراوو هەڵمەتە سیاسییە چالاکەکان بۆ

بەکارهێنانی مافی ئازادی رادەربرین و کاری رێکخراوەیی .........هتد

دەبێت چاودێرەکان بەئاگابن لەجیاوازی توانای کێبرکێکەران کەدەبێتەهۆی جیاوازی لەگەیاندنی پەیامەکان بەدەنگدەرەکان بەرەو باشتر ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تەواوی بێ کەموکورتی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

## کێشە چاوەروانکراوەکان:-

یاساکانی دابینکردنی خەرجی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کەدەبنە کۆسپ لەرێگای ئەنجامدانی هەڵمەتەکە بەشێوەیەکی چالاك .

*ج- راگەیاندن :-*

رێنماییەکانی OSCE بانگهێشت دەکات بۆ یەکسانی لەبەکارهێنانی هۆکانی راگەیاندن بەبێ جیاوازی .

سەقامگیربوونی دیموکراسی پێویستی بەزیادکردنی زانیاری دەنگدەرەکان دەکات بۆ پێگەیاندنی ئاستی دەنگەکانی هەڵبژاردن ئەمەش پێویست بەیەکسانی دەکات لەنێوان ئەوانەی کێبرکێ دەکەن و بەتایبەتی لەو بواری راگەیاندنانەدا کە لەلایەن کەرتی گشتییەوە پشتگیری دارایی دەکرێن، دەوڵەتەکانیش بەرپرسیاری یەکەمی راگرتنی پارسەنگی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنن.

سیستمی راگەیاندنی حکومی رۆڵێکی گەورەی هەیە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، لەکاتێکدا حیزبە دەوڵەمەندەکان و پاڵێوراوەکان دەتوانن کاتی زیاتر دابین بکەن بۆ راگەیاندنی خۆیان، بەهەرحاڵ سەروتاری رۆژنامەکان گرنگی خۆیان هەیە لەهەڵمەتەکانداو دەبێت رەچاوی بێلایەنی ئەم سەر وتارانە بکرێت، هەروەها ... لەوانەیە ئەوانەی بەرپرسن لەهەڵمەتەکانی راگەیاندن لەهەڵبژاردنەکاندا باسی هەندێك لەم مەسەلانە بکەن کەپەیوەندی بەسیاسەتی حکومەتەوە هەبێت، ئەمە راست نییە دەبێت پروپاگەندەی هەڵبژاردن خۆی نەدات لەقەرەی ئەو دەسەڵاتەی کەحکومەت تووره دەکەن و ئەمەش دەبێت لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی سەربەخۆیی

راگەیانــــدن و گەیانـــــدنی زانیاریـــــەکانی پاڵێوراوەکان بۆ دەنگدەرەکان .

دەبێــت راگەیانــدن زامنــی ئــەم خاڵانــە بێــت بەرامبەر بەحکومەت :-

- مــافی کۆبوونـــەوەو نووســـینی راپـــۆرتی ئامانج دار بەبێ ترس .

- نابێت کۆسپ و تەگەرەی نابەجێ و لایەنگر بخرێتە سەر رێگەی پەیامەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

کاتێك ماوەی چاودێریکردنەکە درێژدەبێتەوە سەرنجی راگەیاندن رادەکێشرێت و باشتر وایە بەباشــی هەماهـــەنگی لەگـــەڵ ئاژانســـەکانی هەواڵـــدا بکـــەن بەمەبەســـتی گەیشـــتن بەشیکردنەوەی زانستی و راست و دروستی رووداوەکان .

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان :-

لەکەدارکردنی ناوبانگی پاڵێوراوەکان لەلایەن دەزگاحکومیـــەکانی راگەیاندنـــەوە، هـــەروەها پشتگوێ خستنی هەندێك حیزب و پاڵێوراوو بـــاس نـــەکردنیان لەلایـــەن دەزگاکـــانی راگەیاندنی حکومەتەوە، تەنیا لـەو حاڵەتانـەدا نـەبێت کەئـەو حیزب و پاڵێوراوانـە لەسنووری یاســا دەردەچــن و شــتی هەڕەشــەئامێز دەنووســن، یــا دەبنــە هــۆی تەنگــەتاوکردنی لایەنـەکانی تـر لـەبواری راگەیاندنـدا، یـاخود دەســتکاری ژمــارەو پســووڵەو مەرەکەبــەکان دەکەن.

*د- سەرپەرشتیکردنی هێزەکانی ئاسایش:-*

هێزەکـــانی ئاســـایش دەبێـــت لـــەکاتی هەڵمەتـــەکانی هەڵبـــژاردن و پرۆســـەکانی دەنگداندا رێگا نەدەن بەترساندنی پاڵێوراوو دەنگدەرەکان لەلایەن ئەوانی ترەوە هـەروەها لەلایـــەن خۆیانـــەوە، چـــونکە ترســـاندنیان کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر پاڵێوراو دەنگدەرەکانـــدا بەیەکســـانی، بەتایبـــەتیش ئەگـەر لەلایـەن خـودی هێزەکانی ئاسایشـەوە بێت. یان لەو کاتەدا دیاریکردنە ترسێنەرەکان ئاســان نابێــت و رێــژەیان بــەرەو زیــاتربوون دەڕوات، بەتایبـــەتیش لەلایـــەن هێزەکـــانی ئاسایشەوە .

**١٠- قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن :-**

چاودێری درێژو کورتخایەن :-

لەچاودێری کورتخایەندا چاودێرەکان ماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکە دەگەنەجێو لەو وڵاتەدا بڵاودەبنەوە بۆ دابینکردنی ئامادەبوونێکی فراوان لەرۆژی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا .

**دەکرێت قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بکرێت بەسێ بەشەوە :-**

رۆژانی راگرتنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، رۆژی هەڵبژاردن رۆژی ژماردنی دەنگەکانو رۆژی جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنجامەکان.

**١٠-١ رۆژانی راگرتنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:-**

***١- کورتەیەک :-***

زۆر گرنگە چاودێرەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە ئاگادار بکرێتەوە، لەگەڵ رێنماییو بەرنامەی یاسایی پەیرەو کراودا .

پێش بڵاوبوونەوە سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکە هەڵدەسێت بەرێکخستنی کورتەیەک لەبارەی ئەم خاڵانە :-

١. پێشکەشکردنی تێروانینێکی گشتی بۆ OSCE بەتایبەتیش رۆلی ODIHR.

٢. پیاداچوونەوەی کتێبی ODIHR بچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە کەباس لەچەند دەستەواژەیەکی گرنگ دەکات سەبارەت بەچاودێریکردنی ODIHR بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن .

٣. روونکردنەوەی فەلسەفەو رێگاو جۆری ئەنجامی کاری چاودێرە دیاریکراوەکان.

٤. هاوکاریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەدرێژایی ماوەی درێژی چاودێریکردنەکە.

٥.ئامادە کردنی کەشوهەوای سیاسیو کۆمەڵایەتی ماوەی پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

٦. ئامادە کردنی مەرجەکانی پەیوەندی کردنی ئازادو سەربەخۆ بەراگەیاندنەوە .

٧. ئامادە کردنی یاسای هەڵبژاردنو جێبەجێکردنە پراکتیکییەکانی .

٨. روونکردنەوەی رێنماییەکانی دەنگدانو ژمارەی دەنگەکان .

٩. پێشکەشـــکردنی پلانـــی بڵاوبوونـــەوەو دیـــاریکردنی تیمـــەکانی ( تـــەنها بەچـــاودێرە متمانە پێبەخشراوەکان دەدرێت ).

١٠. پێداچوونەوەی کۆسپە ئەمنییەکان .

١١. روونکردنـــەوەی چۆنیەتی وەڵامدانـــەوەی پرسیاری دەزگاکانی راگەیاندن .

لەو زانیارییانەی دەبێت ئامادە بکرێن وێنـەی وەرگـێراوی یاسـای نێـو دەوڵتـی هەڵبـژاردن و سیستمە پەیوەندیدارەکانێتی لەگەڵ زانیارییە ناوچـەییە گشـتییەکان و ژمـارەی پەیوەنـدی یەکتوپڕو پێویستەکان ،و نەخشـەی سنووری بازنـــەکانی هەڵبـــژاردنی ئـــەو شـــارەو کتێبـــی ODIHR بـــۆ چـــاودێریکردنی هەڵبـــژاردن و لیســـتە چـــێککراوەکان. لەگـــەڵ کورتەیـەک لـەناوی ئـەو پەرلـەمانتارە متمانـە پێبەخشـــراوانەی ئـــارەزووی هاوکـــاری و هەماهـــەنگی یـــان هەیـــە لەگـــەڵ کۆمیســـیۆنی ODIHR بـــۆ چـــاودێریکردنی هەڵبـــژاردن بەتایبەتی ODIHR یارمەتی OSCE PA دەدات لەم جۆرە کورتە راپۆرتانەدا بەپێی پێویست.

***ب- لیستە وردەکارییەکان :-***

باشـــترین شـــێواز بـــۆ شـــیکردنەوەی چـــاودێریکردنی ODIHR بـــۆ هەڵبژاردنـــەکان تێبینی هەردوو چۆنیەتی و چەندایەتییە .

لەشـــــــیکردنەوە ئاماریەکانـــــــداو داوا لەچـاودێرەکان دەکرێـت کـەفۆرمێکی تایبـەت پربکەنـــەوە بـــۆ ئاســـانکاری گواســـتنەوەیان ئاسـان بێـت لەدەوڵتێکـەوە بـۆ دەوڵـەتێکی تـر (تەماشای پاشکۆی ب) بکە .

تـەواو کردنـی پڕکردنـەوەی فـۆرم لەبنکـەکانی هەڵبژاردندا مایـەی بەخشینی بنـەماکانی شی کردنـەوەی رووداوەکـانی رۆژی هەڵبژاردنـەو وەك بیرخەرەوەیـــەك بـــۆ هاوكـــاری كردنـــی چاودێرەکە بەکاردەهێنرێت ,

لەگـــەڵ ئـــەوەی دوور نییـــە شـــیکردنەوەی چەندێتی بەئاسانی دەرنەکەوێت گـەر ژمـارەی گشـتی بنکـە بەسـەرکراوەکانی هەڵبژاردنەکـە دەست نەکەوێت . بـەڵام لیستە چێککراوەکان دیـــاریکردنی ئـــەو بنکـــەی هەڵبژاردنانـــەی کەچـــاودێری کـــراون و راپۆرتیـــان لەســـەر نووســـراوە زامـــن دەکـــات . دەکرێـــت شـیکردنەوەی چـەندێتی جێبـەجێ بکرێـت

ئەگەر بەلای کەمەوە بنەمای شیکردنەوەی (٥٠٠) بنکەی هەڵبژاردن دیاری بکرێت .
لەناو چەند نمونەیەك لەنوێنەرەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن لەو شارەدا .

***ج- چاودێریکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:***

زۆرجار چاودێرەکانی ( STO) لەرۆژی راگرتنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئامادەدەبن، چونکە دەبێت پرسیارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بریتیبن لە:-

- ئایا هەڵمەتەکە دینامیکییەو گشت ناوچە چالاکەکانی دەنگدانی گرتۆتەوە ؟
- ئایا بواری گفتوگۆ ئازادکراوەو ئازادی هەیە لەنێوان دەنگدەرەکاندا یان کەشوهەوای ترس و دڵەڕاوکێ؟
- ئایا پشتیوانی هۆی مادی هەیە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن وەك وێنەی هونەریو چاپکراوە پەیوەندیدارەکان بەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە ؟
- ئایا ئەم هۆ مادديیانە زۆرترین رێژەی پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان دەگرێتەوە ؟
- ئایا هەموو ئەندامانی کۆمەڵ هەمان ویستی جێبەجێکردنی پرۆسەکەیان هەیە ؟
- ئایا هۆکانی راگەیاندن پارسەنگی رادەگرن لەنێوان هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا یا لایەنگیری بەرژەوەندی حیزبێك یان پاڵوراوێکی سەرەکی دەکەن ؟
- دەبێت چاودێرەکان هانبدرێن بۆ چاودێریکردنی کۆبوونەوەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەو شوێنانەی تێیدا کۆدەبنەوە لەروانگەی راپۆرتەکانی راگەیاندنەوە .

بەگەرانەوە بۆ دەستەواژە کارگێرییەکان پێویستە چاودێرەکان لەمەر رووداوەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نەدوێن و تێبینی نەدەن. دەبێت چاودێرەکان هیچ جۆرە بەرهەڵستکارییەك دەرنەبڕن و دەبێت هەمیشە ئەرکە رەسمیەکانیان بگرنەئەستۆ ؟

**١٠-٢ / رۆژی هەڵبژاردن :-**

***ا- بڵاوبوونەوە :-***

سەرۆکی کۆمیسیۆنی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان نمایشی پلانی بلاوبوونەوە دەکات لەرێی هاوکاری کردن لەگەڵ وەفدی (OSCE PA) یەوە، کۆمەڵەکانی چاودێری نێودەولەتی ترو

بالێوزە خۆماڵییەکان. پلانی بڵاوبوونەوەکەش بەشێوەیەك داڕێژراوە کەدووبارە بوونەوەی کاری چاودێرەکانی تێدا روونەدات و سەردانی تیمەکانی چاودێریکردنی تەواوی ئەو شارە زامندەکات لەرۆژی هەڵبژاردنەکەدا.

– دەبێت پلانی بڵاوبوونەوەکە زامنی پارسەنگی دابەش بوونی تیمەکان بێت بەسەر تەواوی شوێن کارەکاندا لەشارو لادێیەکان و شوێنەکانی تر. وەدەبێت پلانەکە زامنی سەردانی ئەو تیمانە بکات بۆ لیژنەی ناوچەیی هەڵبژاردنەکە .

– لەکاتی بەڕێوە بردنی دەنگدان لەشوێنە سەربازی وبەندیخانەو نەخۆشخانەکاندا ،بۆیە دەبێت ئەم شوێنە تایبەتیانە لەپلانەکەدا هەبن.

– دەبێت چاودێرەکان لەتیمی دوو کەسیدا بڵاوبکرێنەوە بەپێی هەلومەرجە جوگرافیەکان و ئەوەی لەبنکەکانی هەڵبژاردندا پێی دەزانن، دەبێت تیمەکانی چاودێریکردن سەردانی ( ١٠-٢٠) بنکەی دەنگدان بکەن لەرۆژێك دا، وەدەبێت چاودێرەکان بیر بخرێنەوە کەچاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن پێشبڕکێ نییە بۆ سەردانی زۆرترین ژمارەی بنکەی هەڵبژاردن. هەندێك جاریش سەردانەکان بەشێوازێکی باشتر بەرێدەچن ئەگەر ژمارەی بنکەکانی هەڵبژاردن کەمتر بن لەماوەیەکی درێژدا .

***ب- چالاکیەکانی بنکەکانی دەنگدان :-***

– گرنگترین ئامانجەکانی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی بنکەکانی هەڵبژاردندا بریتین لەزامنکردنی بەڕێوە چوونی پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان بەشێوەیەکی گونجاوو هاوتا لەگەڵ ڕێنمایی یەکانی هەڵبژاردندا .

– دەبێت کاتێك چاودێرەکان دەگەنە بنکەکانی هەڵبژاردن پێناسەی خۆیان دەربخەن بۆ سەرۆکی لیژنەی بنکەی هەڵبژاردنەکەو کاربکەن بۆ زیاتر تێگەیشتن لەئامانجەکانی کۆمسیۆنەکە لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە. زۆرجار چاودێرەکان پێشتر دەگەنە ئۆفیسێکی تایبەت لەبنکەی هەڵبژاردنەدا بۆ چاودێریکردنی ڕێنماییەکانی دەستپێکردن. ئەمەش بوار بەچاودێرەکان دەدات بۆ پشکنینی سندوقەکانی دەنگدان لەپێش ئەوەی پسولەکانی دەنگدانیان

تێبخرێت، ئایا پرۆسەی دنگ دانەکە لەکاتی خۆی دا بەڕێوە دەچێت ؟

– دەبێت چاودێرەکان لەهەر گرژیو ئاڵۆزییەك ئاگادار بکرێنەوە لەکاتی سەردانیان بۆ بنکەکانی هەڵبژاردنو، دوورنییە ساتە سەرەتاییەکانی پرۆسەکە تێڕوانینێکی راستو یەکلاکەرەوە لەسەر بنکەی هەڵبژاردنەکە دروست بکات. بەهەر حاڵ لەوانەیە هەڵسەنگاندنی کارەکە هەندێك کاتی بوێتو دەبێت چاودێرەکان پلان دابڕێژن بۆ بەسەربردنی ( ٣٠) خولەك بەلای کەمەوە لەو بنکەی هەڵبژاردنەدا .

– دەبێت چاودێرەکان لەرۆژی راگرتنی دەنگدانەکەدا ئامادەبن بۆ دڵنیابوون لەپەیڕەوکردنی رێنماییەکانی راگرتنی دەنگدانەکەو مانەوەی بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان .

– دەبێت چاودێرەکان ئامۆژگاریو تێبینی نەدەن تاکو رێگەیان پێدەدرێت لەلایەنە رەسمییەکانەوە وریای زیادەڕەویی لەکارەکانیاندا بن، چونکە رەنگە ببن بەمایەی کێشە بۆ ئەو فەرمانگە رەسمییانەی کەدەبێت خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن .

دەبێت چاودێرەکان گشت لادانەکان تۆمار بکەن .

دەردەکەوێت ئایا ئەم لادانانە دووبارەن لەکۆتاییدا یان هەروا رووداوێکن. لەکاتی بوونی ئەو لادانە راستەقینەدا دەبێت چاودێرەکان کاتی زیاتر لەو بنکەیەدا بەرنەسەر بۆ ئاگاداربوون لەچۆنێتی بەرگرتن لەو کێشانەو دەبێت کێشەکان بگەیەنرێنە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکە .

دەبێت چاودێرەکان ئەو هەڵانە جیابکەنەوە کە لەئاکامی کەمی شارەزایی کارمەندان روودەدەن لەگەڵ ئەوانەی بەهۆی هۆکاری ترەوە روودەدەن بەمەبەستی دەستنیشانکردنی سەرکەوتوویی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

***ج- پرسیارەکانی بنکەکانی دەنگدان :-***

سێ کۆمەڵە کەس هەن کەدەبێت چاودێرەکان لەگەڵیاندا بدوێن لەبنکەکانی هەڵبژاردندا ئەوانیش فەرمانبەرەکانی بنکەکانی هەڵبژاردنو دەنگدەرە چاودێرە ناوخۆییەکانن گەر هەبوون ( ئەندامانی حیزبەکان، پاڵێوراوەکان، لایەنگرەکان )و دەبێت

گوێ لەگشت پێشنیارەکان بگرن بەپێی راستیو دروستیانو دەبێت چاودێرەکان وریای یاریکردن بن بەو زانیارییانەی کەدراون بەچاودێرەکان لەلایەن کەسانێکەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان، هەروەها دەبێت چاودێرەکان دڵنیابن لەیەکسانی هاوکارییەکانیان بۆ کێشەکانو دەبێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا بدوێن بەپێی تواناو بێ جیاوازی.

دەبێت چاودێرەکان دان بەوەدا بنێن کەئەو کەسانەی کاردەکەن لەبنکەکانی هەڵبژاردنداو مامەڵە لەگەڵ دەنگەکاندا دەکەن ئەندامن لەلیژنەکانی دەنگداندا .

ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان هەیە بەئەندامێتی لیژنەی دەنگدانەوە بریتین لە:-

- چۆن هەڵبژێراوان ئامادەکراون بۆ ئەرکەکانیان لەبەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا ؟

- ئایا هیچ ڕێنماییەکی نووسراویان پێگەیشتووە جگە لەیاسای هەڵبژاردنو سیستمی گشتی ؟

- کەی پسوڵەکانی دەنگدانو هۆکانی تری دەنگدانیان پێگەیشتو چۆن نهێنیەکانیان پاراست پێش ڕۆژی هەڵبژاردن؟

- ژمارەی ئەو پسوڵانەی دەنگدان چەندە کە لەلایەن بنکەی هەڵبژاردنەکەوە وەرگیراون ؟

- ژمارە گشتی دەنگدەرەکان چەندە لەلیستی دەنگدەراندا وچەند کەس دەنگیدا ( دەبێت ئەمانە بەرچاوی چاودێرەکان ڕۆشن بکات ) -

- ئایا ناونووسی کەسانی تر هەیە لەدەنگدەرەکان کەبەهۆی نەخۆشی وپیرییەوە پێوست دەکات لەماڵی خۆیان یان لەسندوقە گەڕۆکەکانی دەنگدان دەنگ بدەن، ئەگەر وابوو ئایا ژمارەیان نائاساییە ؟

- ئایا کەس گەڕێنراوەتەوە بەهۆی ناو نەبوونی لەلیستی دەنگدەراندا یان ژمارەی تایبەت نەبووەو چۆن ئەم کێشانە چارەسەر کراون ؟

دەنگدەرەکان :-

دەبێت چاودێرەکان گفتوگۆ لەگەڵ دەنگدەرەکاندا بکەن بۆ زیاتر کردنی متمانەیان بەپرۆسەکە. بۆ نموونە لەوکاتانەی کەنهێنی تەواوی دەنگەکان ناپارێزرێت

دەبێت چاودێرەکە ئەمانە رەچاو بکات، ئایا دەنگدەرەکان رێنمایی کراون بۆ هەڵبژاردنەکانیان و گونجانیان لەگەڵ ئەو رێنماییانەی پێویستن بۆ دەنگدانەکە .

چاودێرە ناوخۆییەکان :-

بەندی (٨) ی راپۆرتی کوبنهاگن پشتگیری لەئامادەبوونی چاودێرە ناوخۆییەکان دەکات لەبنکەکانی دەنگداندا ئەمانیش بریتین لەچاودێرانی حیزبە بەشداربووەکان و نوێنەری پاڵێوراوەکان وچاودێرە مەدەنییە لایەنگرەکان و هەموو مۆڵەت دراوەکان بۆ چوونە ناو بنکەکانی هەڵبژاردن وگشت قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

زۆر گرنگە ئەو راستییە رەچاوبکرێت کەکۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان چالاکیەکانی خۆیان دوور لەکۆمەڵی چاودێرە ناوخۆییەکانەوە ئەنجام بدەن، بەمەبەستی پاراستنی جیاکردنەوەی رۆڵی هەردولا لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا.

دەبێت چاودێرە نێودەوڵەتییەکان رەچاوی هاتنی چاودێرە ناوخۆییەکان بۆ ناو بنکەکانی هەڵبژاردن بکەن وئایا کۆسپیان دێتەری یان نا ؟.

چونکە بەم شێوەیە رەنگە زیاتر لەشارەزایی پیشان بدرێت لەشوێنی دەنگدانەکە وچالاکی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردنەکەش زیاتر دەکەوێت .

دەبێت گفتوگۆکانی نێوان دەنگدەرو چاودێرە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای متمانە بێت و ئەگەر پێوستی کرد ئەوا لەرێی نووسینی راپۆرتەکانەوە دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکە ئاگاداردەکرێتەوە .

***د- چاودێریکردنی بنکەکانی دەنگدان :-***

دەبێت چاودێرەکان رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن ولەولیستە تایبەتیانەدا بیاننووسن کە لەسەرۆکی کۆمسیۆنی ( ODIHR)ەوە وەریانگرتووە .

– ئایا چوونە ژورەوەی ئاسایی بۆ بنکەی هەڵبژاردنەکە قورسە ؟

– ئایا هیچ نیشانەیەکی خراپی رێکخستنی کارەکان بەدیدەکرێت وەك درێژی نائاسایی وەستانی دەنگدەرەکان لەریزدا ؟

- ئایا هیچ نیشانەیەك هەیە بۆ هۆكارەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی بەرهەڵست كارەكان یان چالاكی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنیان لەبنكەكانی دەنگداندا ؟
- ئایا هیچ هەوڵیك بەدی دەكرێت بۆ زیادەرەوی كردن لەسەر دەنگدەرەكان لەشوێنی دەنگدانیاندا؟
- ئایا هێزی پۆلیس و ئاسایش و كارمەندانی حكومەت هەن لەبنكەكانی هەڵبژاردنەكەدا ؟
- ئایا كەس هەیە بەبێ هۆ لەبنكەكانی هەڵبژاردندا بن ؟
- ئایا دیارە كەكارمەندەكان لەبنكەكانی هەڵبژاردندا راهێنراون بەباشی و ئازادن بۆ دووان لەسەر ئەركەكانیان ؟
- چۆن دەنگدەرەكان دەناسرێنەوە ؟
- ئایا وردەكاری بەدی دەكرێت لەناونووسینەكاندا ؟
- لەكاتی دەركەوتنی سرینەوەی ناوی دەنگدەرێك یان بەكارنەهێنانی رەنگی تایبەت بۆی، چۆن هەڵوێست دەكات ؟
- ئایا نیشانەی دووبارەبوونەوەی دەنگێك بەدیدەكرێت ؟
- ئایا پێداویستییەكانی دەنگدان دابینكراون؟
- ئایا ژمارەیەكی زۆر لەدەنگدەرەكان پێویستیان بەیارمەتییە لەكاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەكەدا ؟
- ئایا هیچ پەستانێكی نائاسایی هەیە كەبەسەر دەنگدەرەكاندا سەپێنرابێت ؟
- ئایا نهێنی دەنگدانی بەشداربووان پارێزراوە لەسیستمی بنكەی هەڵبژاردنەكەدا؟
- ئایا رێ دراوە بەدەنگدەرەكان كەبەیەكەوە بچنە كۆشكی دەنگدانەوە ؟
- ئایا نەخۆش و كەم ئەندامەكان توانای دەنگدانیان هەیە ؟ چۆن نهێنی دەنگدانەكانیان دەپارێزرێت كاتێك داوای یارمەتی دەكەن ؟
- ئایا سندوقەكانی دەنگدان لەبەرچاوی چاودێران و لیژنەی مەركەزی هەڵبژاردنەكەدان؟
- ئایا هیچ مەترسییەك بەرەوڕووی دەنگدەرەكان بۆتەوە لەكاتی چوونە دەرەوەیان لەبنكەی هەڵبژاردنەكە؟
- ئەو مەترسیە گشتیانە چین كەروبەڕوی پرۆسەی هەڵبژاردنەكە بۆتەوە؟

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان :-

کۆسپ خستنەرێی دەنگدەرەکان لەکاتی فرێدانی پسوڵەکانیان بۆ ناو سندوقی دەنگدانەکە، نیشاندانی شێوازی تر بۆ ناسینەوەی دەنگدەرەکان، ئاگادار نەکردنەوەی تەواوی دەنگدەرەکان لەسەر جێگەو ڕێگەی دەنگدانەکە بەروونی، ئاگادار کردنەوەی دەنگدەرەکان، دەنگدانی خێزان، دەنگە دووبارە بووەکان، شاردنەوەی دەنگەکان، دانەپۆشینی سندوقی دەنگدانەکە، نامەحکەمی سندوقەکانی دەنگدان، هۆکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پروپاگەندەی لایەنە سیاسییەکان لەبنکەکانی هەڵبژاردندا، هێنانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازەکان ( تاکاتی ژماردنی دەنگەکان لەیاسای هەڵبژاردندا )، نەناسینەوەی دەنگدەرەکان، ڕێکخستنی سندوقی دەنگدانی گەڕۆك، ناو نەنووسینی چەند دەنگدەرێك، نەبوونی هۆکانی پێویست بۆ دەنگدان، خاوی لەبەرێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، ترساندنەکان .

***ه- دەنگدانی سەربازەکان :-***

دەبێت بەدواداچوونی پرۆسەی دەنگدانی سەربازەکان ئەنجام بدرێت لەلایەن چەند چاودێرێکەوە، بەتایبەتی کاتێك ئەو سەربازانە دەترسێنرێن لەشوێنە سەربازییەکانیاندا. بۆ نموونە رەنگە سەربازەکان لەبەردەم ئەفسەرەکانیاندا دەنگ بدەن و ئەوانیش کار لەسەر دەنگی سەربازەکان بکەن .

***ر- دەنگدان لەنەخۆشخانەو بەندیخانەکان:-***

لەهەندێك وڵات دا ڕێگە بەدەنگدان دەدرێت لەنەخۆشخانەو بەندیخانەکاندا، ولەم کاتەدا دەبێت چەند چاودێرێك دیاریبکرێت بۆ سەردانی ئەم شوێنانە. چونکە نەخۆش و بەندکراوەکان دێنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکەوەو رەنگە روبەڕوی ترساندن و فشاریش ببنەوە .

### ١٠-٣- ژماردنی دەنگەکان

***ا- چاودێریکردنی ژماردنی دەنگەکان :-***

ئەو ئەرکانەی سپێردراون بەچاودێرەکان بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی ژماردن، گونجاو

نین، لەگەڵ ئەو ماندووبوونانەی کەچاودێرەکان پێوەی دەناڵێنن. لەکاتی دەستپێکردنی دەنگداندااورئەمەش قۆناغێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو دەبێت تاکۆتایی چاودێری بکرێت، هەروەها بوار بدرێت بۆ ژماردنو دەرکەوتنی ویستی دەنگدەرەکان .

دەبێت قۆناغی یەکەمی ژماردنی دەنگەکان لەبنکەی هەڵبژاردنەکەدا ئەنجامبدرێتو هەرکارێکی تری تایبەت بەژماردن وەك ناردنی دەنگەکان بۆ دەرەوەی بنکەو بۆ هەر شوێنێکی تری سەروتر کەدوور نییە کێشە بۆ کاری وردبینی دروست بکات، بۆیە دەبێت چاودیرەکان بەردەوام لەگەڵ گواستنەوەی دەنگەکاندا بن .

دەبێت ئەنجامەکان لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکە ئامادەبکرێت بەئازادی، متمانەی پرۆسەکە زیاتر دەبێت گەر نوێنەری حیزبو پاڵێوراوەکان متمانە بەپرۆسەکە ببەخشنو وێنەی ئەنجامەکانو نووسراوەکان وەرگرن. هەروەها دەبێت ڕێگە بدرێت بەچاودێرەکان کەدانەیەك لەراپۆرتی کۆتایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە وەربگرن .

دەبێت خشتەی ئەنجامەکان وردبینکرابن لەسەر ئاستی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هەروەکو چۆن لەبنکەکەدا وردبینکراوە.

ئەنجامەکانی بنکەیەك دەبێتە نموونە بۆ ئەنجامە وردبینکراوەکانی ترو دەکرێ لەسەر ئاستی ناوچەو هەرێمەکەو لەگەڵ ئەنجامە گشتییەکەدا جێبەجێ بکرێ کەپاشتر بڵاودەکرێتەوە، هەروەها دەکرێ وردبینی ئەنجامی هەڵبژاردنی بنکەکان یەك لەدوای یەك بکرێو بەراورد بکرێ لەگەڵ خشتە رەسمیەکانداو دەکرێت ئەم کارە هاندەری چاودێرە ناوخۆییەکانو نوێنەری لایەنە سیاسییەکان بێت چونکە دەبێت ئەنجامەکان لەلیستی تایبەتدا بنووسرێت لەگەڵ بەڵگەکاندا .

پێویستە چاودێرەکان بەرپرسیارێتی خۆیان بزانن سەبارەت بەم پرسیارانەی خوارەوە .

– ئایا پرۆسەی ژماردنەکە لەلایەن تەنها لیژنەی دەنگدانەوە کراوە یان لەرێگەی کەسانی نارەسمییەوە وەك یارمەتیدەرێك ؟

– ئایا فەرمانبەرەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە گەیشتون ؟

– ئایا پرۆسەی ژماردنەکە دروست بووە ؟ –
– ئایا ریکخستنی بێلایەن و گونجاو بۆ کاروباری چاودێرە ناوخۆییەکان کراوە ؟
– ژماردنی ئەو دەنگدەرانە چەندن کەناونووسکراون بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی دەنگیانداوە بەراستی ؟
– ئایا ژماردنی دەنگەکان بەنهێنی بووە ؟
– ئایا پسوولەی دەنگەکان هەڵگیراون یان فرێدراون دوای ژماردنیان ؟
– ئایا پسوولە پووچەڵکراوەکان بۆ پێداچوونەوە پارێزراون ؟
– ئایا ژماردنی پسوولە پووچەڵکراوەکان بەشێوەیەکی نائاسایی زۆرن ؟
– ئایا کارمەندان هیچ نیشانەیەك لەسەر پسوڵەکانی دەنگدان دادەنێن؟
– چۆن چارەسەری کێشەو گرفتەکانی پرۆسەی ژماردن دەکرێت ؟
– ئایا پاش کۆتاییهاتنی ژماردنی رەسمی ئەنجامەکان دەنووسرێت و لەلایەن بەرپرسیارەکانەوە ئیمزادەکرێت ؟
– ئایا وێنەی ئەنجامە رەسمی و نووسراوەکان دەدرێت بەچاودێرە ناوخۆیی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان ؟

– لیژنەکە چەندی کات دەوێت بۆ تەواو کردنی پرۆسەی ژماردن وێنە گرتنەوەی ئەنجامەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن وئاستە کارگێرییەکانی تر کەسەردان دەکرێت ؟
– ئایا ئەنجامەکان دەنێرێن بۆ کاربەدەستانی بالا بەشێوەیەکی پاك و نهێنی و جیاکردنەوەو پۆلێن کردن بەووردی ئەنجام بدرێت ؟
– ئایا ئەنجامە سەرەتاییەکان رادەگەیەنرێن بەپێی ریزبەندی وکاتی راگەیەنراو ؟

### *ب- ئاستەکانی ژماردنی دەنگەکان :-*

دەبێت ئەنجامی بنکەکانی هەڵبژاردن بنێردرێن بۆ لیژنەی ناوچەیی هەڵبژاردنەکە، چوونکە کۆدەکرێنەوەو دەنێردرێن بۆ سەرووترو دەبێت چاودێرەکان بەتەواوەتی لەشێوازی گواستنەوەو ژماردنی ئەنجامەکان تێگەیشتبن کەوردبینی کراون لەبنکەی هەڵبژاردنەکانەوە تائاستی دەوڵەت .
زۆر پێویستە چاودێریکردنی پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان لەسەر گشت

ئاستەکاندابێت لەبنکەکانی هەڵبژاردن و لیژنەی ناوچەیی هەڵبژاردنەکەوە، تاوەکو بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانی هەڵبژاردنەکەو دەبێت چاودێرەکان دەنگەکان لەسەر سیستمی کارکردن بەنۆرە یان بەبڵاوکردنەوەی تیمە تایبەتیەکان وردبین بکەن بۆ ئەو مەبەستە ڕەنگە دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردن کۆمپیوتەرو ( ئیمەیل ) بەکاربێنن بۆ گواستنەوەی ئەنجامەکان و جیاکردنەوەو پۆل بەندیکردنیان، چونکە سیستمی ئەلکترۆنی میکانیزمی نایابی هەیە بۆ وردەکاری زانیاری و ئەنجامەکان. ئەمە جگە لەمافی چاودێرەکان بۆ بەدواداچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو وەرگرتنی وێنەی ئیمزاکراوومۆرکراو لەلایەن دەسەڵاتی ئێستاوەو ناردنی زانیارییەکان .

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان:-

ژماردنی دەنگەکان بەشێوەیەکی نارەسمی، ڕاگرتنی دەنگەکان، داخستنی سندوقەکانی دەنگدان، پووچەڵکردنەوەی نابەجێی پسووڵەکانی دەنگدان و ونبوونی پسوڵەکان و سندوقەکانی دەنگدان، متمانە نەبوون بەژماردنەکەو ڕاپۆرتەکان و ژمارە نائاساییەکانی کۆمەڵەکانی پشکنەرو سەرپەرشتیارەکان .

## ١١- قۆناغی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ :-

چاودێریکردنی درێژو کورتخایەن :-

### ١١-١- کورتەیەکو نووسینی ڕاپۆرت :-

کورتەی کارەکان لەلایەن سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە ئامادەدەکرێت لەماوەی ( ٢٤-٤٨) کاتژمێری دوای ڕۆژی هەڵبژاردن کەرێکخەری تایبەتی ئامادە دەبێت . لەم کورتەیەدا بوار دەدرێت بەچاودێرەکان بۆ بەشداریکردن لەنووسینی ئەوەی کەبینیویانە لەپرۆسەکەدا بۆ گەیشتن بەشێوازێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەپێی ڕێنماییەکانی OSCEو چوارچێوەی یاسایی وڵاتی پەیوەندیدارو ئەم کورتەیە نادرێت بەرۆژنامەنووسان و ڕای گشتی. دەبێت چاودێرەکان جەخت لەسەر نووسینەوەی

کورتەیەکی راستو دروست بکەنەوە .ئەو تێبینییانەی کە لەسەر بنەمای شارەزاییەکی کەم دروستدەبن دەبێت کاریان پێنەکرێن. دەکرێت کورتەی راپۆرتی چاودێرەکان لەلایەن چەند تیمێکەوە رێکبخرێت یان لەناوچەکاندا، لەرێگەی ( LTO )ەوە یان بەئامادەبوونی گشت چاودێرەکان. دەبێت چەند میکانیزمێك دیاری بکرێت بۆ ئەو چاودێرانەی کەنەیان توانیوە بگەرێنەوە لەکاتی دیاریکراو بۆ کورتە راپۆرتەکانیانو راپۆرتەکانیان نەناردۆتەوە بۆ ئەوەی لەرێگەی فاکس یان تەلەفۆنەوە بنێردرێت .

## ٢-١١- قۆناغی ئامادەکاری هەڵبژاردنی راستەوخۆ :-

قۆناغی هەڵبژاردنی راستەوخۆ لەلایەن رێکخەری تایبەتەوە ( گەر دەست نیشانکرا)و سەرۆکی کۆمسیۆنی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێت پاش ( ٢٤-٤٨) کاتژمێر لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە، هەروەها دوور نییە چەند کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی سازبکرێت لەو وڵاتەدا بۆ رونکردنەوەی قۆناغی هەڵبژاردنی راستەوخۆ .

دەبێت گشت قۆناغەکانی هەڵبژاردنی راستەوخۆ بنێردرێن بۆ پێداچوونەوەو متمانە پێبەخشینی کۆتایی لەبەشی (هەڵبژاردنی خێرا) ی سەر بە (ODIHR/ لەوارشۆ )

قۆناغەکە کورتەیەك لەرووداوەکانی پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەخاتەروو هەروەکو لەراپۆرتەکانی چاودێرە درێژ خایەنەکانەوە دەخرێنە روو. دەبێت قۆناغەکە هاوکاری تەواوی جێبەجێکردنی رێنماییەکانی OSCEو چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردنی ناوخۆ بکات .

خستنەرووی ئەوەی کەچاودێرەکان بەدەستیدەهێنن لەقۆناغە یەکلەدواییەكو پەیوەستەکاندا گرنگیەکی زۆری هەیە، نەك هەر تەنها تێبینیەکانی خۆیان بخەنەڕوو، بەڵکو دەبێت چاودێرەکان ئاگادار بکرێن لەوەی تێبینیەکانی خۆیان بخەنەروو لەسەر قۆناغەکە لەکاتی چاودێریکردنیان، چونکە باش نییە دەسکەوتەکان بەکەموکورتییەوە بلاوبکرێنەوە .دەبێت بەتەواوی روونبکرێتەوە

کەقۆناغی هەڵبـژاردنی راستەوخۆ قۆنـاغێکی سەرەتایی و ئامادەکارییەو زیادکردنی ئەوەی کەدەکەوێتـە بەرچـاو بـۆ قۆنـاغی دوای خـۆی کاریگـەری تـەواوی دەبێـت لەسـەر کـاری چـاودێرەکان، کـە لـەراپۆرتی کۆتاییـدا دەنووسرێت. زۆرجار راسپاردە تایبەتییەکان لەراپۆرتی کۆتاییدا دەبن جگە لەو کاتانەی کەپێویستی بەبەشێکی تری دەنگدان دەکات. دەسـکەوتنی راسـپاردەکانی قۆنـاغی ئامادەکـاری کاریگـەری دەبێـت لەسـەر بەرێوەچوونی بەشی دووەمی هەڵبژاردنەکە.

## ١٢- قۆنـاغی هەڵبـژاردنی راسـتەوخۆی فراوان :-

چاودێری درێژخایەن و کورتخایەن

### ١٢-١- وردەکاری و راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی :-

کۆتایی ئەنجامەکان و راگەیاندنی گشتی تەواو دەبێـت. بۆیـە دەبێـت( LYO) بمێنێتـەوە بەبـەردەوامی لەگـەڵ سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی (ODIHR) بـۆ چـاودێریکردنی هەڵبـژاردن تاراگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان .

راگەیانـدنی رەسمـی سـەرجەم ئەنجامـەکان بەگوێرەی بنکەکان و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دوای پرۆسـەکە کـاری وردبـین ئاسـان دەکـات و متمانـەی پرۆسـەکەش بەئـەنجامی کۆتایی بەهێزتر دەکات؟ دەبێت رەچاوی هەر سستی و خاوییەکی بێ هۆ یان لایەنگیرییەك بکرێـت لـەوردەکاری و راگەیانـدنی ئەنجامـە کۆتاییەکاندا .

## کێشە چاوەڕوانکراوەکان :-

سەرپەرشـتیاری نارێـك بـۆ وردبینییـەکان و ئەنجامـەکانی جیاکردنـەوەو پـۆلینکردنی کۆتـایی و قەدەغـەکردنی گەیشـتن بەپرۆسـەکە، قەدەغـەکردنی گەیشـتن بەبەرپرسـان و رانەگەیانـدنی ئەنجامـەکان لەسـەر ئاسـتی بنکـەو لقـەکانی هەڵبـژاردن، جیـاوازی نێـوان ژمارە تۆمارکراوەکانی رۆژی هەڵبـژاردن و ئەو پسـولانەی دەنگـدان کەفرێدراونەتـە سندوقەکان و ئەنجامی کۆتایی.

**١٢-٢- پرۆسەی سکاڵاکردن و بەدواداچوون:-**

دەبێت چاودێرەکان بەدوای پرۆسەی سکاڵا هەڵپەسێراوەکاندا بچن و هەرکارێکی تر کەبەتایبەتی رادەگەیەنرێت .

دەبێت مافی گەیشتن بەقەوارەیەکی یاسایی نیشتمانی بێلایەن و سەربەخۆ بۆ گشت حیزبە بەشداربووەکان زامن بکرێت و دەبێت میکانیزمی گونجاو دابنرێت بۆ سکاڵاکردن و چارەسەرکردنیان کەسودیان لێوەربگیرێت لەدەرکردنی بڕیارە کۆتاییەکاندا لەسەر کێشەکان .

دەبێت ئەو سکاڵایانەی پەیوەندییان هەیە بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەوەو پێشکەش دەکرێت لەلایەن پاڵێوراوو دەنگدەرانەوە بەیەکسانی و بەویژدانەوەو بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت، دەبێت رێگە بدرێت بەپاڵێوراوان و دەنگدەران بۆ گەیشتنیان بەو دۆسیانەی پێویستیان پێیەتی و، دەبێت ئاسانکاری تەواویان بۆ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاکان لەگەڵ ئەو دەزگای دادەی کەدیاریکراوە بۆ چارەکردنی ئەمجۆرە کێشانەو پێویستە هەموو ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان هەیە بەم سکاڵایانەوە بەزووترین کات جێبەجێ بکرێن لەگەڵ تۆمارکردنی هەموو بڕیارەکان و بڵاوکردنەوەیان.

**ئەو گرفتانەی چاوەڕوان دەکرێ پەیدابن .**

سنووردار کردنی دەسەلات بۆ پێداچوونەوەی دەستەی داد کەرەنگە تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی تەواوەوە .

**١٢-٣- کۆتاییهاتنی کاری کۆمیسیۆن:-**

لەکاتی کۆتایی هاتنی کاری کۆمیسێنەکە سەرۆکی کۆمیسیۆن هەڵدەسێت بەسازکردنی چەند پەیوەندیەکی دۆستانە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی نیشتمانی هەڵبژاردنەکەو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی وەزارەتی دەرەوەو هەر دەسەلاتێکی ناوخۆیی تر کەپەیوەندی لەگەڵ کۆمیسیۆنەکە بەردەوامبووبێت لەکاتی پرۆسەکەدا تا راگەیاندنی راپۆرتی کۆتایی .

**١٢-٣-١- چاودێری فراوان :-**

مەرج نییە کاری جێبەجێکردنی پرۆسەکە کۆتایی پێبێت دوای کۆتایی هاتنی کاری کۆمیسیۆنەکە. لەو کاتەدا دەبێت سەرۆکی کۆمیسیۆنی ODIHR بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە چەند تیمێکی بچوك بەجێ بهێڵێت بۆ بەدەمەوە چوونی پرۆسەکە تاکۆتایی هاتنی بەهەمان متمانەو بەهەمان ئەرکو مافیشەوە. دەبێت ئەو تیمانە کار بکەن لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەنجامە هەڵپەسێراوەکانو کاربکەن بەو جۆرەی کەلەلایەن سەرۆکی کۆمیسیۆنەوە یا لەرێگەی سەرۆك بەشەکانی ODIHR فێرکراون. وەدەبێت رۆژانە پەیوەندی لەگەڵ وارشۆدا هەبێت سەبارەت بەرەوتی رووداوەکان .

**١٢-٤- راپۆرتی کۆتایی**

دەبێت راپۆرتی کۆتایی گشت ئەو وردەکارییانەی تێدا بێت کەلەلایەن هەریەك لە( LTO ) و( STO ) وە رەچاوکراون، راپۆرتەکەش لەسەر پێشنیارەکانی پرۆسەی کورتکردنەوەی زانیاریەکان دەنووسرێت کەلەلیستەکاندا هەن .

مەبەست لەراپۆرت باسکردنی ئەوەیە کەکراوە لەپرۆسەکەدا بەپێی دوو پێوەر :-

١. رێنماییەکان OSCE، بەتایبەتی راپۆرتی کوبنهاگن ١٩٩٠

٢. چوارچێوەی یاسایی ناوخۆی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو چۆنێتی بەکارهێنانی :-

دەبێت ئەو کارانەی ئەنجامدراون لەسەر بنەمای راگەیاندنە وردبینی کراوەکان بێتو بەشێوەیەکی کورت وپوخت بەشێوازێکی گشتگیری بێ و ئەو راسپاردانە لەخۆبگرێت کەدەبنەهۆی گەشەکردنو گۆڕینی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، بەمەرجێك راپۆرتەکە دانبنێت بەو راسپاردانەی لەلایەن ( ODIHR) و(OSCE PA) دەرکراون تا ئەو کاتەش کەئەوەی لەلایەن کۆمیسیۆنی چاودێرییەوە ئەنجام دراوە لەراپۆرتە کۆتاییەکەدا دەردەکەوێ راپۆرتەکە بەر پرسیار دەبێت بەرامبەر ئەوەی تێیدا نووسراوە کە لەلایەن سەرۆکی ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکە ئامادەکراوە .

هەروەها پیاداچوونەوەو پەسەند کردنی کۆتاییش لەلایەن ODIHR ی وارشۆوە دەبێت پێش کەش بەOCE PA بکرێت بۆ دەربرینی پێشبینی خۆیان لەسەری. هەروەها دەبێت ئەم راپۆرتە بەسەر رێکخراوو دەسەلاتی نیشتمانی تایبەت بەهەڵبژاردنەکەو چاودێرانی راسپاردەکان دابەشبکرێتو دەبێت راپۆرتەکە ئەم خاڵانەی تێدا بێت :-

**١-پێشەکی :-**

ا/ لیستێك لەو ولاتە بەشدار بووانەو ئەو رێکخراوانەی هاوکاری چاودێرەکانیان کردووە .

ب/ پلانی گشتی بۆ کارکردن

٢-چوار چێوەی یاسایی بۆ کارکردن .

٣-بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

٤-دەنگدەرو پەروەردەی شارستانیانە .

٥-ناونووسی دەنگدەر .

٦-ناونووسی پاڵێوراوەکان .

٧-هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .

٨-راگەیاندن

٩- چاودێریکردنیرۆژی دەنگدان .

١٠- چاودێریکردنی پرۆسەی ژماردن .

١١- وردبینی ئەنجامەکان .

١٢- سکالاکانو پرۆسەی بەدواداچوون .

١٣- بەرهەمەکان .

١٤- راسپاردەکان .

**١٢-٥- ئەرشیفی کۆمیسیۆنی ODIHR:-**

دەبێت هەندێك زانیاری لەلایەن سەرۆکی کۆمیسیۆنی ODIHR ەوە وەربگیرێت وبنێردرێت بۆ ئۆفیسی وارشۆ ( ئەرشیف ) دەبێت بەشە سەرەکیەکانی بریتیبن لە:-

- یاسای هەڵبژاردن وسیستمە یاساییە تایبەتەکانی تر .
- یادەوەریو بەرنامەی کار .
- نەخشەی ولاتەکەو وێنەی سنوورەکانی دەنگدان .
- پلانی کارو لیستی ناوی گشت چاودێرەکان.
- زانیاری چاودێرەکان ( LTO، STO بەدەستی ) .

- لیسته چێك كراوه سەرەكی یەكانی دەنگدان و ژماردن .
- كورتەیەك لەلیستەكانی وردەكاری .
- وردەكاری ئەنجامەكان .
- قۆناغەكانی فشارو راپۆرت نووسین (قۆناغی ئامادەكاری و راپۆرتی كۆتایی ) .
- پەیوەندیەكانی ناوخۆ .

## ۱۳- هاوكارییە گشتیەكان :-

هاوكاری كردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەكە پێویستی بەگەرانەوە بۆ رێنماییەكانی OSCE هەیە لەگەڵ یاسا ناوخۆییەكاندا كەكاریگەرییان لەسەر پرۆسەكە هەیە .و رەنگە ئەم پێوەرانە لەهەڵبژاردنەكانی ناوچەكانی OSCE دا دەست نەدەن .

رەنگە پرۆسەی هەڵبژاردنەكەش بەرەوڕوی لادان و گەندەڵی بێتەوە .

بۆیە دەبێت سەرپێچییەكان بنەبڕبكرێن چونكە دوور نییە ببنە هۆی لەكەدار كردنی تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەكە. داوا لەوڵاتە دیموكراتییە تازەكان ناكرێت پابەندبن بەم رێنماییانەوە وەك لەوڵاتە دیموكراتییە دێرینەكان داوا دەكرێت.

بەهەر حاڵ وڵاتانی ئەندام لەOSCE دا پەیوەستن بەجێبەجێكردنی تەواوی ئەم رێنماییانەوە .

هەرچەندە پرۆسەی هەڵبژاردن بێ كەموكورتی نابێت، بەڵام گەیشتن بەو ئاستە بەرزەی كار بەبێ متمانەی تەواو بەدەسەڵاتەكان و رێنماییە جێبەجێكراوەكان نابێت و دەبێت چاودێرەكان وریا بن لەوەی كەنموونە زۆرە بۆ پێشێل نەكردنی یاسا لەسەر كاغەز بەڵام لەراستیدا بەئاشكرا پێشێلی تەواوی كراوە .

دەبێت رێژەی تایبەت دابنرێ بۆ كارلێكردنی لادان و گەندەڵییەكان لەسەر پرۆسەكە، چونكە رێكخراوە بێدەسەڵاتەكان ناتوانن دەستكاریكردنەكان بەژمارە بخەنەڕوو .

تەنها لەو كاتەدا دەكرێت پرەنسیپەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن بەدیبێت ئەگەر هاوڵاتیان هۆشیاركرانەوە لەسەر پرۆسەكەو ئازادبوون لەدەنگدان بەبێ ترس بۆ هەڵبژاردنی سەركردەكان. چونكە دەبێت هەموو پرۆسەیەكی هەڵبژاردن كەرنەڤاڵێكی مافەكانی مرۆڤ بێت و ئومێد وایە كەچاودێریكردنی

هەڵبژاردنەكان كارێكی باشو پاڵپشت بێت بۆ پرەنسیپەكانی مافەكانی مرۆڤ وەك لەرێنماییەكانی OSCE داهاتووە .

## ١٤-هاوكاریەكانی ( ODIHR ) بۆ هەڵبژاردنی راستەو خۆ لەكاتی جێبەجێكردنی راسپاردەكاندا :-

( ODIHR) رۆڵی قازی نابینێت كاتێك (OSCE) بڕیار لەسەر پرۆسەكە دەدا، لەگەڵ ئەوەش دا بەپێی رێنماییەكانی OSCE چاودێرەكانی ( ODIHR) لەو كاتەدا راپۆرت دەنووسن كەرەخنەكان پەیوەندی بەپێشێلكاریەكانەوە نابێتو تەنها هاوكاری دەكەن بەیارمەتی دانی سەرجەم پرۆسەكەو ئەو راسپاردانەی پەیوەندیان بەدارشتنەوەی كارەوە دەبێت .
وڵاتانی ئەندام لە( ODIHR) دا هاندەدرێن بۆ پەیرەوی كرنی راسپاردەكانی چاودێرانی (ODIHR) بۆ هەڵبژاردنو ئەوانەی لەراپۆرتی كۆتاییدا هاتوون .
( ODIHR) هەوڵی زیاتر دەدات بۆ زیاتر پەیرەویكردنی راسپاردەكان لەگەڵ لایەنە حكومی یە ناوخۆییەكانو پەرلەمان وڵاتو بەتایبەتی لەگەڵ (OSCE PA) یدا.

## ١٥- پاشكۆكان

**پاشكۆی (١)** راپۆرتی كۆبوونەوەی كۆبنهاگن بۆ كۆنگرەی بەها مرۆڤایەتییەكانی CSCE
( ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٩٠)
راپۆرتی كوبنهاگن لەدامەزراندنی كۆنگرەی بالای پاریس لەنۆڤەمبەری ١٩٩٠ دا كاری مەكتەبی بەڕێوەدەبات. بەهەر حاڵ لەرێكەوتنامەی پاریس بۆ وڵاتانی ئەوروپای نوێ ئۆفیسی هەڵبژاردنی ئازاد كە ( پاشان بووە ئۆفیسی دەزگا دیموكراتییەكانو مافەكانی مرۆڤ ) بڕیاریدا جێبەجێكردنی برگەكانی ٦،٧،٨، لەراپۆرتی كۆبوونەوەی كۆبنهاگن بۆیە برگەكانی پێشوو لەخوارەوە باسدەكرێت.

(٦) وڵاتانی ئەندام رایانگەیاند كەوا بەدیهێنانی ویستی گەل لەهەڵبژاردنێكی پاكو ئازادی ناوبەناودا بنەمای سەرەكی دەسەڵاتو یاسای هەموو حكومەتێكەو،

بەم پێیە وڵاتانی ئەندام ڕێز لەهاوڵاتیەکانیان دەگرن لەبەشداریکردنی حوکمی وڵاتەکەیان بەراستەو خۆ یان لەرێگەی ئەو نوێنەرانەی هەڵدەبژێرێن لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا چونکە ئەوان مافە نێو دەوڵەتی و مرۆڤایەتی و ڕێنماییە نێودەوڵەتیەکان بەهەند وەردەگرن .

دیموکراتیەت پێویستی بەدەزگای ئازادو نیشاندەری ویستی گەلە بەرامبەر ئارەزووی تاك بێت یان کۆ نەك ڕێکخراوی تیرۆریستی و پێشێلکار بۆ ئامانجە دیاریکراوەکانی وڵاتانی ئەندام .

(٧) بۆ زامنکردن و خزمەتکردنی گەل وەك بنەمایەك بۆ دەسەڵاتی حکومەت ویستی وڵاتانی ئەندام .

(٧-١) سازکردنی هەڵبژاردنی ئازادی ناوبەناو لەماوەیەکی دیاریکراو لەلایەن یاساوە .

(٧-٢) مۆڵەتدانی گشت خانەکانی بەلایەنی کەمەوە کۆمیسیۆنی دەستەی یاسادان بۆ ئازادبوون لەبەردەم ویستی گەلداو بەپێی ڕێژەی دەنگەکان .

(٧-٣) زامنکردنی مافی دەنگدانی گشتگیرو دادپەروەر بۆ هاوڵاتییە پێگەیشتووەکان (سەرو ١٨ ساڵ).

(٧-٤) زامنکردنی فرێدانی پسوولەی دەنگدانەکان بەنهێنی یان بەچەند شێوازێکی هاوتاو ئەمانەش لەراپۆرتی ئەنجامە کۆتاییەکان دەنووسرێن و رادەگەیەنرێن .

(٧-٥) ڕێزگرتن لەمافی هاوڵاتیان بۆ گەیشتن بەلایەنە سیاسی و گشتییەکان بەتەنها یان وەك نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەبێ جیاوازی.

(٧-٦) ڕێزگرتن لەمافی تاك و کۆکان لەئازادی تەواو بۆ پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی سیاسی بەپێی یاسا تایبەت بۆ کارکردنیان بەیەکسانی لەبەردەم دەسەڵاتەکاندا .

(٧-٧) زامنکردنی کارکردنی یاساو رای گشتی بۆ مۆڵەتدانی ئەو هەڵمەتانەی هەڵبژاردن کە لەکەش وهەوایەکی پاکدا بەبێ وروژاندنی کێشەی سیاسی پاڵێوراوەکان بەهۆی ئازادی رادەربڕینیان و لێهاتوییان یان ڕێگرتن لەدەنگدەرەکان بۆ ئەنجامدان و فڕێدانی دەنگەکانیان بەبێ ترس لەسزاکان .

(٧-٨) زامنكردنـــى نـــەبوونى كۆســـپى ياســـايىو كـــارگێرى لەرێگـــەى گەيشـــتنى راگەيانـــدن بـــەبێ جيـــاوازى بەگشـــت لايەنـــە سياســـييەكانو ئەوانـــەى كـــەئارەزووى بەشـــداريكردنيان هەيـــە لەپرۆســـەى هەڵبژاردنەكەدا .

(٧-٩) زامنكردنى دامەزراندنى رەسمى ئەو پاڵێوراوانـەى كـەژمارەى پێويسـت دەنگـدێنن بـــەپىَى ياســـا , مانـــەوەيان بـــەرەسمى تاخولەكەيان تەواو دەبێ يان دەگەنە كۆتايى بەشـێوازێكى ياسـايىو بـەپێى رێنماييـە ديموكراتىو پەرلەمانييەكان .

(٨) وڵاتـــانى ئەنـــدام هێنـــانى چـــاودێرى دەرەكىو خۆماڵى بەكارێكى باش دەزانن بۆ پێشخســـتنى پرۆســـەى هەڵبژاردنـــەكان لـــەو وڵاتانەى كەتێيدا ئەنجامدەدرێت. بۆيە داواى چاودێران دەكـەن لـەوڵاتانى ئەندام لە CSCE وهـەر دەزگـاو رێكخراوێكـى تايبـەتى تـر بـۆ چـــاودێريكردنى رێنماييـــە نيشـــتمانييە گەشـــەكردووەكان بـــەپێى ياســـاو، هەميشـــە هـــەوڵى گەيشـــتن بەئاســـتى بـــەرز دەدەنو چـاودێرەكانيش بـەڵێن دەدەن كەكارنەكەنـە سەر رێنماييەكانى هەڵبژاردنەكە.

**رێنماييەكانى راپۆرتى كۆبنهاگن بريتين لە:-** بەمەبەسـتى بـەهێزكردنى مافـەكانى مـرۆڤو پرنسيپەكانى ئازادى وبۆ بەهێزكردنى ئاستى پەيوەندى مرۆڤ دۆستانە بۆ چارەسەركردنى كێشـەكان وڵاتـانى ئەندام لەسـەر ئـەم خاڵانـە رێكەوتن :-

(٣) ديمـوكراتى لەبنـەما سـەرەكييەكانى دەسەڵاتى ياسايە. گرنگى فرەيى رێكخراوەيى يـان دووپاتكردۆتـەوە بـەبىَ رەچـاوكردنى لايەنە سياسييەكان .

(٥) رايانگەيانـد كەلـەنێوان ئـەو بنەمايانـەدا هەنـدێكيان پێويسـتن بـۆ تـەواوى رادەربـڕين سـەبارەت بەمافـە سـەرەكييەكانى مرۆڤايـەتى وەك :-

(٥-١) هەڵبـژاردنى ئـازاد كـە لـەنێوان دوو مـاوەى تايبـەت دا ئـەنجام دەدرێـت لەرێگـەى دەنگـدانى نهێنـى يـان هـەر رێگەيـەكى تـرى هاوشـێوەو دادپـەروەر لەگـەڵ زامنكردنـــى ئازادى رادەربڕين بۆ هەڵبژاردنى نوێنەرەكان .

(٥-٣) يـــەكێك لەئەركـــەكانى حكومـــەتو دەســـەڵاتە ناوخۆييـــەكان جێبـــەجێكردنى ياسايە .

(٥-٤) هەماهەنگی تەواو لەنێوان دەوڵەتو لایەنە سیاسییەکانداو بەتایبەتی ئەو حیزبە سیاسییانەی ناتوانن لەگەڵ حکومەتدا بگونجێن .

(٥-٩) هەموان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بێ جیاوازی . بەمشێوەیە یاسا زامنی جیاوازی نەکردن دەبێت بۆ هەرلایەكو کاردەکات بۆ رێگرتن لەجیاوازی کاران .

(٥-١٠) هەموو کەسێك هۆکاری ( ئامرازی ) کارگێڕی دەبێت بۆ بەرپەرچدانەوەی بڕیارە کارگێرییەکان بۆ زامنکردنی رێز گرتن لەمافە سەرەتاییەکانو بەرژەوەندی تاك.

(٥-١١) دەبێت ئەو بڕیارە کارگێڕیانەی بەرامبەر کەسەکان دەردەچن بێ هۆ نەبنو چارەسەری کێشەکان بکات بەپێی یاسا .

(١٠) دووپاتکردنەوەی رێنماییەکانی پاراستنی مافەکانی تاك بۆ ناساندنی مافەکانی مرۆڤو پرەنسیپەکانی ئازادیو بەشداریکردنی چالاك بەتاكو بەکۆ لەگەڵ ئەوانیترداو پاراستنیان .

وڵاتانی ئەندام بڕیاردەدەن لەسەر پابەند بوونیان دەدەن بە:-

(١٠-١) رێزگرتن لەمافەکانی هەموان, چ وەك تاك بێت یان کۆ، بۆ وەرگرتنی راو بۆچوونە ئازادەکانو زانیارییەکانی مافەکانی مرۆڤو پرەنسیپەکانی ئازادیو بڵاوکردنەوەی ئەو بۆچوونو زانیارییانە.

(١٠-٢) زامنکردنی مافەکانی تاکەکان لەپەیوەندیکردن بەکۆمەڵو رێکخراوە ناحکومییەکاندا کەبەرگری لەمافەکانی مرۆڤو پرەنسیپەکانی ئازادی دەکەن وەك یەکێتی بازرگانیو کۆمەڵەی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ .

(١٠-٤) رێگەدان بەو کۆمەڵو رێکخراوانە بۆ پەیوەندیکردن بەهاوتاکانیانەوە لەجیهاندا بۆ هەماهەنگی زیاترو گۆڕینەوەی بۆچوونو پێشنیارەکان بەمەبەستی بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤو پرەنسیپەکانی ئازادیو بەشداری ئابووری لەسەرچاوە نیشتمانیو نێودەوڵەتییەکاندا بەپێی یاسا .

(٢٤) ولاَتانی ئەندام زامنی مومارەسەکردنی گشت مافەکانی مرۆڤو پرنسیپە باسکراوەکانی ئازادی دەبن بەبێ مەرج جگە لەمەرجانەی یاسای ناوخۆییو نێودەوڵەتی دایان دەنێت بەتایبەتی ڕێکەوتننامەی نێو دەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسییەکانو جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ چونکە ئەم مەرجانە پەسەند کراون .

دەبێت ولاَتانی ئەندام زامنی شەرعییەتی ئەم مەرجە یاساییانەبن. دەبێت گشت مەرجە تایبەتەکانی مافەکانی مرۆڤو ئازادییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی پابەندبن بەئامانجە یاساییەکانەوە .

**پاشکۆی ب:-**

(نموونەی لیستی OSCE/ODIHR بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن)

( کۆمیسیۆنی OSCE/ODIHR بۆ چاودێری هەڵبژاردن )

ڕاپۆرتی بنکەی هەڵبژاردن:-......

**تیمی چاودێری :-..............**

ناو / ئیمزا

ژمارەی تیم / ژمارەی بەلێندەرایەتی

بنکەی هەڵبژاردن

بەشی هەڵبژاردن        ناوی بنکەی

هەڵبژاردن / ژمارە        جۆری بنکە

کاتی سەردان

گەیشتنی تیم        ڕۆیشتنی تیم

ژمارەی دەنگدەرە ناونووسکراوەکان لەم بنکەیە

ژمارەی دەنگدەرەکان لەیەك کاتژمێردا

**پێش چوونە ناو بنکەی هەڵبژاردن :-**

تکایە هاوکاری گشتی بکە.

گوێ لەدەنگدەرەکانی تر بگرە بەپێی پێوەرەکانی یارمەتیدان .

تکایە زانیارییەکان لەپشتی فۆرمەکە بنووسە

.

**ئایـــا بنکـــەی هەڵبژاردنەکـــە بەزەحمـــەت دۆزرایەوە ؟**

**ئایـــا گەیشـــتنی ئاســـایی بـــۆ بنکـــەی هەڵبژاردنەکە زەحمەت بوو ؟**

**ئایا چاودێری ئەمانەت کرد ؟**

**تۆقاندن و دڵەڕاوکێی گشتی ؟**

**باجەکان و هۆکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ؟**

**چالاکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ؟**

**لەناو بنکەی هەڵبژاردندا :-**

**هـاتنی دەنگـدەرەکان ,کـەش و هـەوای دەنگـدان**

**تکایە زانیارەکان لەپشتی فۆرمەکە بنووسە**

**ئەنـــــدامانی لیژنـــــەی هەڵبـــــژاردن ژمارەیان چەندە؟**

**– نوێنەری حیزبەکان /پاڵێوراوەکان**

کام حیزب

**– چاودێرە خۆماڵییەکان**

بەڵێ/نەخێر/ئەوانی تر چییە

**– نوێنەرانی راگەیاندن**

بەڵێ/نەخێر/ئەوانی تر چییە

**– هێزەکانی ئاسایش**

بەڵێ/نەخێر/ئەوانی تر چییە

**– کەسانی نارەسمی**

**بەڵێ/نەخێر/ئەوانی تر چییە**

**– ئایا بنکەکانی دەنگدان چڕبوون؟**

بەڵێ/ نەخێر

**– ئایـا هەڵمـەتی هەڵبـژاردن هـەبوو لـەناو بنکەکاندا؟**

بەڵێ/ نەخێر

**– هۆی راگەیاندن هەبوون لەناو بنکەکەدا**

بەڵێ/ نەخێر

**– ئایـا زانیارییـەکان بەتـەواوەتی پێشـکەش بەدەنگدەرەکان کراوە ؟**

بەڵێ/ نەخێر

**لەناو بنکەکانی دەنگداندا :**

**ڕێنماییەکانی دەنگدان**

**تکایە وەڵامی هەموو قۆنـاغێکی ڕێنماییـەکانی دەنگدان بدەرەوە یەکلەدواییەك :-**

**تکایە زانیارییەکان لەپشتی فۆرمەکە بنووسە**

**– کێشەکانی ناسینەوەی دەنگدەرەکان ؟**

بەڵێ/ نەخێر

**– کێشەکانی ناونووسین ؟**

بەڵێ / نەخێر

**– پســــوولەکانی دەنگـــــدان /نووســــــراوە ئیمزانەکراوەکان/** بەڵێ/ نەخێر
**نیشانەکراوەکان/ مۆرنەکراوەکان ؟**
**– هۆکانی دەنگدانی هەڵە ؟**
بەڵێ/نەخێر
**– شوێنی دەنگدانەکە کراوەیە یا داپۆشراوە**
بەڵێ/نەخێر
**یان ئاشکراو دیارە ؟**
**– دەنگدان لەدەرەوەی کابینەکان**
بەڵێ / نەخێر
**– ئایا لەیەك کەس زیاتر هەبوو لەناو کابینەی دەنگدانەکەدا ؟**
**– کێشـــەکانی هاوکـــاریکردنی دەنگــــدەرە؟**
**بەڵێ/ نەخێر**
**نەخوێندەوارەکان , نابیناکان ؟**
**– بەباشی مۆر نەکردنی سندوقەکان؟**
بەڵێ / نەخێر
**– ســــەیرنەکردنی ســــندوقەکان لەلایــــەن لیژنەوە؟** بەڵێ / نەخێر

**– کێشەی تر؟** بەڵێ/ نەخێر

**– کــاتی پێویســـت بــۆ هەردەنگــدەرێك بــۆ دەنگدان ؟**
**– هەر کێشەیەك لەسەر سندووقە گەڕۆکەکانی دەنگدان ؟**
**– دەنگدانی خێزانی چاودێرکراو**
بەڵێ/ نەخێر
**( تکایــە زانیارییــەکان لەپشـــتی فۆرمەکـــە بنووسە)**
**– تێکدانی پرۆسەی دەنگدانەکە**
**( تکایـــە زانیارییـــەکان لەپشـــت فۆرمەکـــە بنووسە )**
**– ئایــا دەنگدانەکـــە بۆماوەیـــەك راگـــیراوە؟**
بەڵێ/ نەخێر چییە؟
**( ئەو نامە نەشیاوانەی کەبۆت نێردراون )**
**تکایـە لێـرەدا درێـژەی ئـەو نامـە ناشـیاوانەی کـەبۆت نێـرراون بنووسـە لـەکاتی دەنگـدان و هەڵمەتـەکانی هەڵبژاردنـداو کـێ بـۆی نـاردی لەنوێنـــەری حیزبـــەکان بپرســـە, خـــودی دەنگـــدەرەکان و چـــاودێرە خۆماڵییـــەکان و ئەنـدامانی لیژنـەی هەڵبـژاردن. تکایـە ئـەوە بنووسە کەئایا دەتوانیت وردبینـی ئـەم نامانـە بکەیت .**
**( گرنگە :)**

تکایە کاتێك لەئۆتۆمبیلەکەتدا تەرخانبکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر نیشانەکردنی پسوولەی هەڵبژاردنەکەت و ئەم فۆرمە بەتەواوەتی پڕبکەرەوە، بە تایبەتی درێژەی هەموو ئەو شتانە بنووسە کەبینیوتن و بیستووتن و بەپێچەوانەی یاسان و شایەنی باسکردنن .

**تێبینی و شتی تر :**

**( دیاردە گشتییەکان )**

**بەگشتی، پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەنگدانەکە**

| | |
|---|---|
| زۆر خراپ بوو | خراپ بوو |
| باش بوو | زۆر باش بوو |